دێمۆکراسی بۆ ئێران خودموختاری بۆ کوردستان

کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٨١ ٢١ی نوامبری ٢٠٠٢ ژمارە ٣٥٣ ١٥٠ تمەن

عێراق بەڵێنی هاوکاریی تەواوی بە بلیکس داوە

دوای ئەوەی دەوڵەتی عێراق بڕیارنامەی ١٤٤١ی شووڕای ئەمنییەتی قبووڵ کرد، یەکەم دەستە لە پشکنەرانی چەك‌و چۆڵ، ڕۆژی دووشەمۆی ڕابردوو (١٨ی نوامبر) گەیشتنە بەغدا. هانس بلیکس سەرۆکی دەستەی پشکنەرانی چەك‌و چۆڵی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان گوتی: "بە قبووڵکرانی ئەم بڕیارنامەیە لەلایەن عێراقەوە یەکەم هەنگاو بۆ پێشگیری لە شەڕ لە عێراقدا، هەڵگیرا. بلیکس کە پاش دوو ڕۆژ وتووێژ لەگەڵ کاربەدەستانی عێراق دەگەڕایەوە بۆ قیەرێس، ڕایگەیاند: "دەوڵەتی عێراق بەوو لێکۆڵەرانی پایەبەرزی UN بەڵێنی داوە هاوکاریی تەواویان بکا. بلیکس ڕەزامەندیی خۆی لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی گرووپەکەی لە عێراق‌و پێکهێنانی دەفتەرێك ل بەغدا بۆ ئەو گرووپە، ڕاگەیاند.

کێشەی نێو دەسەڵاتدارەتی‌و هەڕەشەی خامەنەیی

کێشەی دوو قۆڵی نێو دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەم دوو مانگەی دواییدا قووڵ بوونەوەیەکی زیاتری بەخۆیەوە بینی. هۆی قووڵ بوونەوەی ئەو کێشەیەش هاتنە گۆڕی هێندێ مەسەلە بوون کە هەرکام لە قۆڵەکانی نێو دەسەڵاتدارەتی، بە جۆرێك‌و بە بارێكدا گرینگییان پێ دەدان کە لەگەڵ بۆچوون‌و مەبەستی لایەنی ڕەقیب نەتەنیا ناتەبا بەڵکوو لە دژایەتی دا بوون:

یەکێك لەو مەسەلانەی کە کەلێنی نیوان ئەو دوو قۆڵەی ئاواڵەتر کردەوە لایەحەی ڕوون کردنەوە یان زیاتر کردنی دەسەڵاتی سەرۆك کۆمارو لابردنی چاوەدێریی "ئیستیسوابی"ی شووڕای نیگابان بۆ قبووڵ یا ڕەدی کاندیداکانی مەجلیس بوو کە سەرەڕای دژایەتیی قۆڵی کۆنەپارێز، لە لایەن خاتەمی سەرۆك کۆمارەوە درا بە مەجلیسی شووڕای نیگابان‌و لە مەجلیسیشدا پەسند کران.

بێجگە لەوە، دانی حوکمی ئێعدام بە هاشم ئاغاجەری شەپۆلێکی بەرینی نارەزایەتیی لە نێو زانستگاکان، کەسایەتییە ناسراوەکان، بنکەو بونیادو دامەزراوە فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتییەکانی نێو وڵاتدا وەڕێخستو ڕەخنەو ئیعترازێکی زۆری وڵاتان، دەوڵەتان‌و کۆڕو کۆمەڵەکانی دەرەوەشی بەرەوروی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت قۆڵی پاوانخوازو کۆنەپارێز کردەوە.

داخستن‌و پێش گرتن لە کاری دوو دامەزراوی نەزەرپرسی‌و هەڵسەنگاندنی ڕاو بۆچوونی گشتی‌و گرتن‌و زیندانی کردنی بەرپرسەکانیان‌و تۆمەتی جاسووسی وەپاڵ دانیان یەکێکی دیکە لەو مەسەلانە بوو کە دەنگێکی زۆریان لێبەرز بۆوەو ڕەخنەو ئیعترازێکی زۆریان بە دواوە بوون.

ئەو مەسەلانەو زۆر مەسەلەی وردو درشتی دیکەش بوونە هۆی ئەوەی کە دوو قۆڵی نێو دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، لەو دوو مانگەی دواییدا پترو توندتر لە بەرانبەر یەکدا ڕاوەستن لە ئاکامدا وەزعێکی تازەو ئەوتۆ بخولقێ کە نیگەرانیی ڕێبەرانی ڕێژیم زیاتر بکا. لەو پێوەندییەدا ئێوارەی ڕۆژی دووشەمۆ ڕێکەوتی ٢٠ی خەزەڵوەر کۆبوونەوەیەك لە بەرپرسانی ڕێژیم پێك هات کە لەودا هەم خامەنەیی وەك ڕێبەری ڕێژیم‌و هەم خاتەمی وەك سەرۆك کۆمار قسەیان کرد.

خاتەمی لە قسەکانیدا کە زۆر بە پارێزەوە باسی لە عەدالەت‌و بە جۆرێك ئاماژەی بە بوونی بێعەدالەتی دەکرد بۆ بەرپرسانی ڕێژیمی ڕوون نەکردەوە کە بێعەدالەتییەکان لەچیدا خۆ دەنوێنن‌و چ کەس‌و لایەنێك‌و کام دام‌و دەزگا هۆی ئەو بێعەدالەتییەن‌و کێ دەبێ بۆ لە نێوبردنی بێعەدالەتی هەنگاو بنێ. هەروەها ناوبراو لە حاڵێكدا کە خۆی بە ئاڵاهەڵگری هەوڵدان بۆ "مردم سالاری"ی دینی دەزانێ‌و ئەوەش بە مانای نەبوونی "مردم سالاری" لە ئێران دایە، کۆماری ئیسلامیی بە نموونەیەکی باش‌و سەرکەوتووی "مردم سالاری"ی دینی ناو دەبا کە هەموو کەس بەتایبەت دونیای ئیسلامی چاوی بڕیوەتە ئەو نموونەیە. دیارە خاتەمی ئەمجارەش بە شێوەی خۆی بە زۆر گوتن بەڵام هیچ نەگوتن‌و تەنیا بە ڕێژیم هەڵگوتن کۆتایی بە باسەکەی هێنا.

لەو کۆبوونەوەیەدا خامەنەیی وەك ڕێبەری ڕێژیم تێکۆشا ئەو مەترسییانەی کە کەم‌و زۆر هەڕەشە لە کۆماری ئیسلامی دەکەن بخاتە بەر چاوی بەرپرسانی ڕێژیم‌و ئاڵۆزی‌و کێشە نێوخۆییەکانی بە یەکێك لە پرمەترسی‌ترین هەڕەشەکان زانی‌و لە بەرپرسانی دەزگاکانی قەزایی، ئیجرایی‌و قانوون دانانی ویست کە ئەم گێرەو کێشانە لە ڕێگای یاسایی‌یەوە چارە سەر بکەن. ناوبراو هەڕەشەی ئەوەی کرد کە ئەگەر ئەو سێ دەزگایە نەتوانن یان نەیانەوێ گیروگرفتە سەرەکی‌و گەورەکان چارە سەر بکەن، ئەو کات ڕێبەر خەڵك ڕەوانەی مەیدان دەکا.

دیارە زۆر ڕوونە کە ئەو خەڵکەی ڕێبەری ڕێژیم دەیەوێ ڕەوانەی مەیدانیان بکا هەر ئەو بەسیج‌و پاسدارو "انصار"و لیباس شەخسی‌یانەن کە هەمیشە بە فەرمانی ناوبراوو لە دژی خەڵك لە مەیدان دان‌و لە هیچ سەرکوت‌و فشارو گرتن‌و بێسەرو شوێن کردنێك درێغیان نەکردەو ناشیکەن. هەروەك ڕۆژی هەینی ٢٤ی خەزەڵوەر، یانی تەنیا سێ ڕۆژ پاش هەڕەشەکەی خامەنەیی‌و بە داوی نوێژی جومعەدا بە ڕواڵەت بە شێوەیەکی "خودجوش" ڕژانە شەقامەکان‌و دروشمی لایەنگری لە ڕێبەریان دا. ئەو ناردنە مەیدانە یان ڕژانە شەقامانە بە دوای قسەکانی خامەنەیی‌دا کە بێگومان بە ئەمری ناوبراو بە ئەنجام گەیشت، بۆ ئەوە بوو کە ڕێبەر گۆشەیەکی لە هەڕەشەکەی خۆی بە کردەوە نیشان دابێ‌و جیددی بوونی خۆی لە بەرەنگار بوونە لەگەڵ هەر دژایەتی‌و موخالیفەتێكدا نیشان بداو قۆڵی ناسراو بە ئیسلاح تەلەب لەگەڵ پاشەکشە بەرەوروو بکا. دیارە گومان لەوەدا نیە کە هەڕەشەکانی خامەنەیی جیددین، بەڵام لەوی جیددیتریش بڕیاری خەڵکە کە ئیدی لە درێژەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە تەواوی ماندوو بوون‌و دەیانەوێ پتر بێنە مەیدان‌و بڕژێنە شەقامەکان. ئەو خەڵکەی کە خامەنەیی‌و ڕێژیمەکەی پتر لە هەر کەس‌و لایەنی دیکە لە دەنگ هەڵبڕین‌و هاتنە مەیدانیان دەترسن. بە گشتی‌و بە کورتی پێك هێنانی ئەو کۆبوونەوەیە لە بەرپرسان بە دوور لەوەی چی تێدا باس کراو چی تێدا گوترا، لەجێدا خۆی ئەو پەری نیگەرانیی ڕێبەرانی ڕێژیمی لە هەڵومەرجی نێوخۆیی‌و دەرەوە دەگەیەنێ.

شەپۆلی مانگرتن‌و خۆپێشاندانی خوێندکاران زانستگەکانی سەرانسەری وڵاتی گرتەوە

به دوای دەرچوونی حوکمی ئێعدام لە لایەن دادگوستەریی هەمەدانەوە بۆ دوکتور هاشم ئاغاجەری مامۆستای زانستگە، شەپۆلێکی بەرین لە نارەزایەتی‌و بێزاری دەربڕین لە دەزگای قەزایی‌و قۆڵی پاوانخواز بە سەرۆکایەتیی خامەنەیی، زانستگەکانی سەرانسەری وڵاتی گرتەوە. لە ڕۆژی ٢٠ی خەزەڵوەرەوە، هاوکات لەگەڵ خوێندکارانی زانستگەکانی تاران، خوێندکارانی زانستگەکانی کرمان، ورمێ، بەهەشتی، بووعەلی سیناو عەللامە تەباتەبایی، مانگرتن‌و خۆپێشاندانیان دەست پێ کرد. شەپۆلی خۆپێشاندانی ئێعترازیی خوێندکاران هەتا هات بەرینتر بۆوە.

شیراز، زابۆل، ئەهواز، ئیسفەهان، تەورێز لەو شارانە بوون کە شاهیدی خۆپێشاندان‌و مانگرتنی خوێندکاران بوون. خوێندکاران لە دروشمەکانیان‌و بڕیارنامەکانیان‌دا جارێکی دیکە ڕاشکاوانە ویستەکانی خۆیان کە ویستی تێکرای خەڵکی وڵاتەکەمانن، دووپات کردەوە: **"ڕێفراندۆم ڕێفراندۆم، ڕێگای نەجاتی خەڵك"، "مردن بۆ دیکتاتۆر"، "ئێعدامی ئاغاجەری ئێعدامی زانستگەیە"، "داخوازی هەر خوێندکارێك، ڕێبەرێکی وەڵامدەر"، "ئەی ڕێبەر [ئەی] پینووشە، ئێران نابێ بەشیلی".**

جڵەوبەدەستانی قۆڵی پاوانخوازو دەزگا سەرکوتکەرەکانیان، لە لایەکەوە "لیباس شەخسی‌یەکانیان" بۆ پەلامار بردنە سەر خوێندکاران هێنایە مەیدان‌و لە لایەکی دیکەوە، بە دوای نوێژی هەینیی حەوتووی ڕابردوودا، ڕێپێوانیان بە پشتیوانی لە حوکمی ئاغاجەری وەڕێ خست. بەڵام پشتیوانیی خەڵکی وڵات بەتایبەتی مامۆستایانی زانستگەکان، کۆڕو کۆمەڵە ڕووناکبیری‌یەکان، ڕۆژنامەنووسان‌و کەسایەتی‌یە دێموکرات‌و ڕێفورمخوازەکان لە حەرەکەتی خوێندکاران‌و، مەحکووم کردنی بەربڵاوی حوکمی ئێعدامی ئاغاجەری لە نێوخۆو دەرەوەی وڵاتدا، خامەنەیی ناچار کرد داوا لە دەزگای قەزایی بکا چاو بە حوکمی ناوبراودا بخشێنێتەوە. خوێندکاران رایان گەیاندوە، هەر بە ئازاد کردنی ئاغاجەری واز ناهێنن‌و مانگرتن‌و خۆپێشاندانەکانیان تا ڕۆژی ١٦ی سەرماوەزی داهاتوو (ڕۆژی خوێندکاران) درێژە پێ دەدەن.

دەست پێکردنی کۆبوونەوەی ناتۆ لە پراگ

کۆبوونەوەی سەرانی ناتۆ ڕۆژی ٥ شەمۆ ٢١ی نوامبر (٣٠ی خەزەڵوەر) کاری خۆی لە شاری پراگ، دەست پێکرد. جورج دەبلیۆ بووش سەرکۆماری ئەمریکا کە یەکەم جارە لە کۆبوونەوەی ناتۆدا بەشداری دەکا، لە کاتی هاتن بۆ پراگ ڕایگەیاند: "ڕێکخراوی پەیمانی ئاتلانتیکی شیمالی" (ناتۆ) دەبێ‌خۆی لەگەڵ ڕاستی‌یەکانی دنیای تازە ڕێك بخاوبزانێ کە دوژمنی ئەم یەکیەتی‌یە، نەك ڕووسیە، بەڵکوو تیرۆریزمی جیهانی‌یە.

سەرکۆماری ئەمریکا هەروەها هیواداری دەربڕی کە ئەگەر هاتوو شەڕ لەنێوان وڵاتەکەی‌و عێراق ڕووی دا، وڵاتانی ئەندامی ناتۆ ڕەگەڵ ئەمریکا بکەون.

پێویستە بگوترێ کە مەسەلەی ئەسلیی ئەم کۆبوونەوەیە، ئەندامەتیی ٧ وڵاتی ئورووپای ڕۆژهەڵاتە. لەوانەیە لەم کۆبوونەوەیەدا، مەسەلەی پێك هێنانی هێزێك لەلایەن ئەم ڕێکخراوەیەش کە بتوانێ بە زوویی دژ کردەوە نیشان بدا، پەسند بکرێ.

بڕیارنامەی پارڵمانی ئورووپا لەبارەی وەزعی مافی مرۆڤ لە ئێراندا

ڕۆژی ١٦ی نوامبر پارڵمانی ئورووپا، بڕیارنامەی خۆی لەبارەی وتووێژەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ لەگەڵ ئێراندا، پەسندو بڵاو کردەوە. لەم بڕیارنامەیەدا بە سەرنجدان بە کارنامەی یەکسالی ڕابردووی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤدا، پارڵمانی ئورووپا ناڕەزایەتی خۆی لە وەزعی مافی مرۆڤ لە ئێراندا ڕادەگەیەنێ. بە گوێرەی ئەو بڕیارنامەیە، ژمارەی کەسانی مەحکووم کراو بە مەرگ، ئەمساڵ گەیشتۆتە ٢٥٠ کەس (٧٥ کەس زیاتر لە ساڵی پێشوو). پارڵمانی ئورووپا هەروەها وەبیری هێناوەتەوە کە بەردباران‌و ئێعدامی ئینسانەکان لەگەڵ ئیددیعاکانی خاتەمی لەبارەی دێمۆکراسی‌و مافی مرۆڤەوە لە ناتەبایی تەواو دان.

لەم ژمارەیەدا

هەڕەشەکانی دەزگای قەزایی، بزووتنەوەی خوێندکاری دەخرۆشێنن ٢
دەکرێ ناوەندەکانی ڕاپرسی داخرێن، بەڵام هەرگیز بیروڕای خەڵك ناگۆڕدرێ ٢
ڕاپۆرتی چەند دیداری سکرتێری گشتیی حیزب لە سوئێدو نۆرویژ ٣
پەیامی هاوڕێی تێکۆشەر عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە بۆ فستیڤاڵی هەژاری موکریانی ٤
ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی لەبارەی شەهید بوونی هاوڕی مەنسوور مەعرووفی‌یەوە ٥
لە پەڕاوێزی کۆبوونەوەی هاوپێوەندی لەگەڵ گەلی کوردو حیزبی دێمۆکرات لە مەجلیسی میللیی فەرانسەدا ٥
لەبارەی دوو گەڵاڵەکەی خاتەمی‌یەوە ١١

هەڕەشەکانی دەزگای قەزایی، بزووتنەوەی خوێندکاری دەخرۆشێنن

ع.رەهنموون

هەروەك هەمووان ئاگادارن، دوکتۆر هاشم ئاغاجەری لە کۆتایی مانگی جۆزەردانی ٨١دا کە لە لایەن شوورای هاوئاهەنگیی حیزبو گرووپەکانی دووی جۆزەردانی هەمەدانەوە بۆ بەشداری لە ریورەسمی ریزگرتن لە دوکتۆر "عەلی شەریعەتی" بۆ یانەی مامۆستایانی ئەم شارە بانگهیشتن کرابوو، بابەتیکی لە ژیر ناوی "پرۆتستانیسمی ئیسلامی"دا پیشکەش کرد. ئاغاجەری دوای ئەم وتارە بە تۆمەتی سووکایەتی کردن بە بایەخە پیرۆزە ئایینییەکان بۆ لقی ١٤ی دادگوستەریی هەمەدان بانگ کراو لە کۆتایی‌دا دوای چەندین جار لیکۆلینەوە دەستبەسەر کراو، حوکمی ئیعدامی بەسەردا سەپینرا. ئاغاجەری جگە لە ئیعدام بە ٨ ساڵ دوورخستنەوە بۆ زیندانەکانی تەبەس، زابۆڵو گوناباد، ١٠ ساڵ وانە نەوتنەوە لە زانکۆکانی وڵاتو ٧٤ زەربە شەللاق مەحکووم کرا.

شتیك کە لەم نیوەدا گرنگیەکی زۆری هەیەو نارەوا بوونی وەها حوکمیکی ستەمکارانە ئاشکرا دەکا، ئەوەیە کە دەرچوونی ئەم حوکمە جگە لەوەی کە لە تەك یاساو ریسا جیهانییەکانی مافی مرۆڤدا ناتەبایی‌یەکی تەواوی هەیە، لە لایەن زۆربەی زانا ئایینییە پلە یەکەکانیشەوە خراوەتە ژیر پرسیار.

سالح نیکبەخت، پاریزەری هاشم ئاغاجەری لە یەکەم هەلویستی‌دا سەبارەت بەم حوکمە، پەردەی لە سەر ئەم راستییە هەڵدایەوەو گوتی "بۆ من جیگای سەرسورمانە لە کاتیکدا کە کەسانیکی وەك ئایەتوڵلا سانیعی‌و ئایەتوڵلا مونتەزیری‌و ئایەتوڵلا تاهیری ئیسفەهانی ئەم وتانەیان بە سووکایەتی لە قەلەم نەداوەو زۆریك لە مامۆستایانی حەوزەی عیلمییەی قومیش لە هەلویستو نامەکانیان‌دا ئەم مەسەلەیان بە سووکایەتی کردن نەنرخاندوە، ئەو دادگایە وەها حوکمیکی توندی دەرکردوە"(١)

حوججەتولئیسلام عەلی رازینی سەرۆکی دادگای تایبەتی رۆحانییەت ـ دادگایەك کە دادگاکانی باوەر پشکنینیی سەدەکانی ناوەراستمان وەبیر دینیتەوەو کۆنەپەرستانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوت، چاوترسین‌و بیدەنگ کردنی جیابیرە ئایینی‌یەکان دایان مەزراندوە ـ راشکاوانەو بە بێ هیچ گومان‌و دوو دلی‌یەك بە شانوبالی ئەو حوکمە درندانەیەدا هەڵ دەلێ کە لەگەڵ هیچ پرنسیبیکی مرۆڤانەدا یەك ناگریتەوە: "ئەم حوکمە تایبەتی شیعە نیەو زانا سوننی‌یەکانیش هەر ئەم بۆچوونەیان هەیە کە ئەوکەسانەی کە سووکایەتی بە پێغەمبەر دەکەن دەبێ بکوژرێن"(٢)

دەرچوونی ئەم حوکمە نارەواو کۆنەپەرستانەیە ئەم راستی‌یە حاشا هەڵنەگرە دەسەلمێنێ کە قۆڵی پاوانخوازو دەسەڵاتپەرست نەك هەر دەستی بە خوێنی خەباتکارانی وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلانی ئێران سوور کردوە، بەڵکوو قەیرانی نارەوا بوونی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران گەیشتۆتە قۆناغێك کە رۆڵە رەسەنەکانی خۆشی لە ئاگری نەفرەتی ئەهریمەنانەی ناپارێزرێن. چونکە لە لایەکەوە دوکتۆر هاشم ئاغاجەری بە جانبازی ئەم رێژیمە لە قەڵەم دەدرێ‌و لە خێزانی بەناو شەهیدانی رێژیمەو لە لایەکی دیکەوە لە بەرپرسانی پایەبەرزی ریکخراوی موجاهدینی شۆرشی ئیسلامییشە، رێکخراوێك کە هەمیشە بەرگری لە مانەوەی رێژیمی کۆماری ئیسلامی کردوەو تەنیا لە بڕێ کاتدا کە دڵنیا بووە لەوەی بوون‌و ماهییەتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ مەترسی‌دا بەرەوڕوو نابێ، بۆچوون‌و ئیدەگەلی جیاوازی هێناوەتە گۆڕێ. بێگومان ئەم شەڕە نێوخۆیی‌یە رۆژ لە دوای رۆژ قەیرانی دەروونیی رێژیمی کۆماری ئیسلامی قووڵتر دەکاتەوەو ئەوان بەرەو هەڵدێری نەمان راپێچ دەکا.

هەروەها دەرچوون‌و رەهەندە نامرۆڤانەو نائەخلاقی‌یەکانی ئەم حوکمە دەربڕی ئەم راستی‌یەشە کە قۆڵی پاوانخوازی رێژیم هیچ چەشنە راڤەو شرۆڤە کردنێك سەبارەت بە پایەکانی خۆی قبووڵ ناکا، ئەگەرچی لە لایەن "خودی"یەکانیشەوە بێ. چونکە ئەوان ئەوەندە بناغە فیکری‌یەکانی خۆیان بە لەرزۆك دەزانن بە هەر راڤەو شرۆڤە کردنێك دەشڵەژێن، ئەگەرچی ئەم راڤانەش بۆ پاراستنی رێژیم بن‌و لە لایەن رۆڵە رەسەنەکانی خۆیەوە بخرێتە روو.

بە بۆچوونی چاوەدێرانی کاروباری ئێران، حوکمی ئێعدامی ئاغاجەری، توندترین حوکمێکە کە دادگایەك لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دوایی‌دا رێفۆرمخوازەکانی نێو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی پێ مەحکووم کردوە. دەرچوونی ئەم حوکمە دەکرێ بە جۆرێك فشاری زیاتر بۆ سەر رێفورمخوازە حکوومەتی‌یەکان لەقەڵەم بدرێ. چونکە ئەم حوکمە لە کاتێك‌دا دەرچووە کە مەجلیسی شوورای ئیسلامی سەرقاڵی پەسند کردنی ئەو گەڵاڵانە بوو کە دەسەڵاتی سەرکۆماریان دەستنیشان‌و تەنانەت زێدەتر دەکرد تا سەرکۆمار بتوانێ لەو رێگایەوە رێفورمخوازەکان لە زەلکاوی چەقین‌و بێ هێزی دەرباز بکا.

ئەم حوکمە دەتوانێ بەشێك بێ لەو زنجیرە بۆسەیەی کە رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەم چەند مانگەی دوایی‌دا ناویەتەوە. چونکە دوای داخستنی رۆژنامەکان، ناوەندەکانی راپرسی‌و زیندانی کردنی بەرپرسەکانیان واتە "بێهروز گرانپایە"و "عەبباس عەبدی"و زیندانی کردنی "ناسر زەرئەفشان" (پارێزەر)و ئێعدامی چوار خەباتکاری خۆڕاگری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، شایەتی دەرچوونی ئەم حوکمە بووین.

لەبەر ئەوە کە هاشم ئاغاجەری مامۆستای زانکۆو بەرپرسی بەشی مێژووی زانستگەی تەربییەت مودەڕڕیسی تاران بوو، ئەم حوکمە پەردە لە سەر بەرفراوانبوونی رەهەندەکانی ترسی رێژیم لە مامۆستایانی زانکۆو بزووتنەوەی خوێندکاری هەڵ دەداتەوە. بزووتنەوەیەك کە لە ١٨ی پووشپەڕی ٧٨دا هەموو پایەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی وەلەرزە خست‌و رێبەری رێژیمی خستە گریان. ئەمە هەنگاوێکی نوێیە بۆ چاندنی تۆوی ترس لە فەزای گشتیی کۆمەڵگاو زانکۆکان‌داو زەبروزەنگی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی بە ناو دادگاکانی سەدەکانی ناوەڕاستمان وەبیر دێننەوە.

خاڵێك کە لەم پێوەندی‌یەدا گرنگی‌یەکی بەرچاوی هەبوو، دژکردەوەو هەڵوێستی بەرینی کەسایەتی‌یەکان، گرووپ‌و حیزبەکانی ناوەوەو دەرەوەی ئێران بوو. ئەوان ئەم پەیامەیان بە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران راگەیاند کە جیهانی ئەمڕۆ زۆر زیاتر لەوەی کە کاربەدەستە مێشك پووچەکانی رێژیم بیری لێدەکەنەوە لەگەڵ سەدەکانی نێوەڕاست‌و دادگاکانی پشکنینی باوەڕدا جیاوازەو کاربەدەستانی ستەمکار ناتوانن هەر کردەوەیەك ئەنجام بدەن کە لەگەڵ پرنسیپە جیهانی‌یەکانی مرۆڤدا یەك نەگرێتەوەو چاوەڕوان بن کە جیهان لە بێدەنگی‌یەکی قووڵدا رۆبچێ.

کاربەدەستانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی کە دوای کارەساتی ١٨ی پووشپەڕی ٧٨، واتە دوای سەرکوت کردنی بزووتنەوەی خوێندکاری، سەپاندنی سیاسەتی "هێمنیی چالاك" لە لایەن رێفورمخوازەکانی حکوومەتی‌یەوە بەسەر بزووتنەوەی خوێندکاری‌دا، دەرکردنی حوکم گەلێکی قورس بۆ هێندێ لە خوێندکارانو فشاری بەردەوامو چەند قات بۆسەریان، هەوڵی کۆنەپارێزان بۆ دروست کردنی دووبەرەکی لە نێوان رێکخراوە خوێندکاری‌یەکان‌دا، بە خەیاڵی خاوی خۆیان ویستیان هەرەس بەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە بێنن‌و پاسیڤی بکەن. بەڵام هاوکات لەگەڵ دەرچوونی حوکمی ئێعدامی ئاغاجەری‌دا، بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی خوێندکاری وەجووڵە کەوت‌و بزاوتێکی وشیارانەو سەرانسەری دەست پێکردو ترس‌و دوو دڵی هەرەسیان هێناو بزاڤێکی ئازادیخوازانەو شۆڕشگێڕانە زۆربەی زانکۆکانی وڵاتی گرتەوە.

ئێستا بزووتنەوەی دژ بە ستەمی خوێندکاری بە مەبەستی بەگژداچوونی پشکنینی باوەڕ، بەرگری لە ئازادیی بیروڕا دەربڕین‌و پشتیوانی لە کەسایەتی‌یە بیرمەندەکان هاتۆتە گۆڕەپانی سیاسیی ئێرانەوە.

بزووتنەوەی خوێندکاری ئەم جارەش بە دروشمەکانی "زیندانی سیاسی، دەبێ ئازاد بکرێ"، "دروشمی خەڵکی ئەمەیە ـ رێفراندۆم رێفراندۆم"، ئازادیی ئەندیشە ـ هەمیشە، هەمیشە"، "خوێندکار دەمرێ، سووکایەتی‌قبووڵ ناکا"، "سەربەخۆیی، ئازادی ـ کۆماری خەلکی"، "هاشمی شاهروودی ـ ئیستیعفا، ئیستیعفا"، "مەرگ بۆ تالەبان ـ مەرگ بۆ ئیستبداد"، "خاتەمی، خاتەمی ـ ئیستیعفا،ئیستیعفا"و "ئیعدام مەحکوومە ـ کۆنەپەرستی مەحکوومە"، بۆتە پیشرەوی بزاڤی شۆرشگیرانەو ئازادیخوازانەی گەلانی ژیر دەستی ئیران.

سەرچاوە: سایتی "اخبار روز"

دەکرێ ناوەندەکانی راپرسی داخرین، بەڵام هەرگیز بیرورای خەلك ناگۆڕدرێ

ع. بداغی

کردارەکانی ئەم یەك مانگەی دەزگای قەزایی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ داخستنی ناوەندەکانی راپرسی‌و گرتن‌و زیندانیکردنی بەریوەبەرانی ئەم ناوەندانە، کیشەو ململانیی قۆڵەکانی نیو حاکمییەتی توندتر کردو سەرپاکی حاکمییەتی تووشی کیشەیەکی نوێ کرد.

ناوەندی میللیی هەلسەنگاندنی "بیرورای گشتی" کە یەکیك لە ناوەندەکانی سەربە وەزارەتی فەرهەنگ‌و رینوینیی ئیسلامی‌یە، بە دوای راپرسی‌یەك‌دا کە لە پیوەندی لەگەڵ مەسەلەی وتوویژ لەگەڵ ئەمریکادا کرابوو، رای‌گەیاند کە نزیکەی ٧٥٪ی خەلکی شاری تاران خوازیاری کردنەوەی دەرگای وتوویژ لەگەڵ ئەمریکان‌دا ـ ئەم هەنگاوە کە بە بۆچوونی ئەو جەنابانە بە سیخوری دادەنرێ ـ یەکیك لە ئەرکە گرنگەکانی راگەیەنە گشتی‌یەکانەو ئەوە راگەیەنە گشتی‌یەکانن کە دەست دەکەنە راپرسی بۆ ئەوەی دەولەت سیاسەتیکی گونجاو بگریتە بەرو، لە بیرورای گشتیی کۆمەڵانی خەلك ئاگاداری دەکەنەوە. بۆیە لەراستی‌دا دەردەکەوێ کە قۆڵی پاوانخوازی نیو ناوەندە)یان گرت‌و زیندانییان کردن‌و کارەکانیان وەك سازکردنی بیروراو سیخوری دژی نیزام‌و هیمنایەتی نەتەوەیی لە قەلەم دا.

بە چاوپۆشی لەوە کە سیخوری ماناو پیناسەیەکی زۆر رونی هەیەو ئەگەرچی ئەوەی کە دەزگای قەزایی رێژیم لەبارەی چالاکیی ئەو ناوەندانەوە بڵاوی کردۆتەوە زۆر ناتەبایەو مەبەستی ئەم ناوەندانە تەنیا راپرسی‌و وەدەستهێنانی زانیاریی راست‌و بێ لایەنانەو وەرگرتنی راوبۆچوونی خەلك بووە، دەشێ بپرسین کە داخوا خستنەروو بڵاوکردنەوەی بیرورای گشتیی خەلك بە سیخوری دادەنرێ؟ ئەمە لە حالیك دایە کە لە وڵاتە پیشکەوتوو دیموکراتیکەکان‌دا ـ ئەم هەنگاوە کە بە بۆچوونی ئەو جەنابانە بە سیخوری دادەنرێ ـ یەکیك لە ئەرکە گرنگەکانی راگەیەنە گشتی‌یەکانەو ئەوە راگەیەنە گشتی‌یەکانن کە دەست دەکەنە راپرسی بۆ ئەوەی دەولەت سیاسەتیکی گونجاو بگریتە بەرو، لە بیرورای گشتیی کۆمەڵانی خەلك ئاگاداری دەکەنەوە. بۆیە لەراستی‌دا دەردەکەوێ کە قۆڵی پاوانخوازی نیو حاکمییەت لەوە تووڕەیە کە خەلك ویستی راستەقینەی خۆی دەربڕیوە.

یەکیك لەو هەژدە پرسیارەی کە ئەو ناوەندانەی سەرەوە کردوویانە هاتوە، لەبارەی رادەی خۆشەویستیی کاربەدەستانی پایەبەرزی رێژیم لە نیو خەلك دایە کە هەر وەك لە ئاکامی راپرسی‌یەکەدا دەرکەوتوە، رادەی خۆشەویستیی ریبەری نیزام واتە خامەنەیی لەنیو ئەو کەسانەدا کە پرسیاریان لێ کراوە، تەنیا ١/٢٪ و لەراستی‌دا وەك رەزا گرانترین کاربەدەستی رێژیم ناسراوە. دژکردەوەی توندو هەلچوونی دەزگای قەزایی رێژیم سەلمینەری ئەو راستی‌یەیە کە دەزگای ناوبراو چاك دەزانێ کە ئەو ئامارانەی بڵاو کراونەتەوە چەندە لە راستی‌یەوە نزیکن. ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە خامەنەیی لە قسەکانی ماوەیەك لەمەوبەری خۆی‌دا لایەنگرانی وتوویژ لەگەڵ ئەمریکای بە خائین، ترسنۆك‌و گەمژە لە قەلەم دا. لە حالیك‌دا بڵاوبوونەوەی ئاکامی ئەم راپرسییانە نیشانی دا کە ٧٥٪ی ئەوانەی پرسیاریان لێ کرابوو، لایەنگری وتوویژ لەگەڵ ئامریکادا بوون کەواتە بە پیی قسەکانی خامەنەیی هەموویان دەبێ ترسنۆك‌و خائین بن!

ئاکامی ئەو راپرسییانەی کە باس کران، چەند راستی‌یەکمان بۆ دەردەخەن کە بریتین لە: رەنگدانەوەی بیرورای خەلك سەبارەت بە مەسەلەحەت‌و بەرژەوەندە نەتەوەیی‌و گشتی‌یەکان، شتیك کە بە هیچ جۆر بە دڵو ویستی قۆڵی کۆنەپاریزو پاوانخواز نیە. تووڕەیی‌و تیکچوونی کۆنەپاریزانی نیو حاکمییەت لە ئاکامی ئەم راپرسییانەیە کە بەکەلك وەرگرتن لە پیوانە زانستی‌یە قبوولکراوو حاشاهەلنەگرەکان ئەنجام دراون‌و راست بە پیچەوانەی ویست‌و خواستەکانی ئەوان بووە. لە راستی‌داهەست کردن بەو راستی‌یە کە پاراستنی رێژیم‌و مانەوەی حاکمییەت لە خەون‌و تراویلکەیەك بەو لاوەتر چ نیە، بۆ ریبەرانی رێژیم یەکجار تاڵ‌و جەرگبڕە.

گرتنی عەباس عەبدی یەکیك لە ریبەرانی توندڕەوی "خویندکارانی پەیڕەوی ریبازی ئیمام" کە بالویزخانەی ئەمریکایان لە سەرەتای شۆرش‌دا داگیر کردبوو، لە ١٣ی خەزەلوەری ئەمساڵ‌دا واتە لە ساڵڤەگەری ئەو روداوەدا، بە تاوانی پیوەندی‌و لایەنگری لە وتوویژ لەگەڵ ئەمریکا، خەلکی جیهانی تووشی سەرسوورمان کردو رەوتی پەروەندەی راپرسی‌یەکانی بەرەو بواریکی نوێ برد.

دەرچوونی حوکمی ئێعدام بۆ ئاغاجەری یەکیك لە کەسایەتی‌یە ناسراوەکانی سەر بە قۆڵی ریفورمخواز بەدوای رەوتی دەسگیرکرانەکانی ئەم دوایانەدا ئەو دردۆنگی‌یە زیاتر دەکا کە قۆڵی کۆنەپاریزی رێژیم لە لایەکەوە دەیەوێ توندرەوەکانی قۆڵی رکەبەر وەلانێ‌و نەرمرەوەکانی بینیتە ژێر رکیفی خۆی بۆ ئەوەی دیسانەکە دەسەڵاتی حاکمییەت پاوان بکاتەوەو لە لایەکی دیکەوە بە پیکهینانی کەشیکی پر لە مەترسی‌و تۆقاندن لە نیو خەلك‌دا پیش بە خۆپیشاندانە ئیعترازی‌یەکان بگرێ‌و ناچاریان بکا بیدەنگ بن.

کرداری ئەم دوایانەی دەزگای قەزایی رێژیم کە جۆریکە لە هیرشی ریکخراوی قۆڵی پاوانخواز، تا ئیستا بۆتە هۆی داخستنی ناوەندەکانی راپرسی‌و گرتنی بەریوەبەرانیان‌و هەروەها دەرکردنی حوکمی ئێعدامی ئاغاجەری‌و زیندانیکردنی عەباس عەبدی. ئەم چەشنە کردارانە لە هەمان کات‌دا کە نیشانەی دریژەی شەرە دەسەڵاتی نیوان قۆڵەکانی رێژیمن جۆرە هەرەشەیەکیشن لە خاتەمی تا گەڵاڵە پیشنیارکراوەکانی خۆی وەربگریتەوە.

ئەوەی لیرەدا گرنگە بیروبۆچوون‌و هەلویستەکانی خەلکن کە چەند نموونەیەکیان لەم راپرسییانەدا سەرکەوتن. بیرورای گشتی، رەفتاری دەزگای قەزایی‌و کۆنەپاریزانی کە بە جۆریك لە خۆدزینەوە لە راستی‌یەکان، ترس‌و تۆقاندن لە بیرورای گشتی‌و شاردنەوەی راستی‌یەکان لە لایەکەوەو پەنا بردنە بەر هەرەشەو گورەشەو بوختانکردن‌و شیواندنی زەینی خەلك لە لایەکی دیکەوە دادەنرێ‌و هەروەها بەلگەیەکی رونی لاوازی‌و ناکارامەیی دەسەڵاتی دینی لە بەریوەبردنی کاروباری وڵاتە کە داهاتووی رێژیمی تەمومژاوی کردوە.

بەکورتی نارەوایی سیاسەتی دوو دەیەی رابردووی رێژیم، باری شپرزەی ئابووری، پەرەسەندنی خیراو بەربڵاوی فەساد لە هەموو بوارەکان‌دا، بەردەوام‌و توندتربوونی رەوتی سەرکوت‌و زەبرو زەنگ، نارەوایی‌و لاوازیی حاکمییەت، دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییان لە نیوخۆو دەرەوەدا بێ ئیعتبار کردوە. ریبەرانی رێژیم دەبێ لەوە تێگەیشتبن کە رەنگە بتوانن دەرگای ناوەندەکانی راپرسی گاڵە بدەن‌و رەوتی گرتن‌و ئیعدامی خەلك توندتر بکەن. بەڵام لەو راستی‌یە تی‌نەگەیشتوون کە ناکرێ بۆ هەتایە ئازادی‌و بیروباوەری خەلك ئینکار بکرین.

بزووتنەوەی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

دیدارو چاوپیکەوتنەکانی سکرتیری گشتیی حیزب

سوئید

سەردانی سکرتیری گشتیی حیزب لە پارلمانی سوئید

رۆژی دووشەممە ریکەوتی ٢٠٠٢/١١/٤ هەیئەتیکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بە سەرۆکایەتیی هاوریی تیکۆشەر مامۆستا عەبدوللا حەسەنزادە سەردانی پارلمانی سوئیدی کردو لە لایەن چەند پارلمانتاریکی حیزبی چەپی سوئیدو بەرپرسی پیوەندیی نیونەتەوەییەکانی ئەو حیزبەوە بە گەرمی پیشوازی لی کرا. مامۆستا عەبدوللا حەسەنزادە لەگەڵ هەیئەتی حیزبی چەپی سوئید کە لە بەریزان: لاش ئولی، هانس ئارڤیدسۆنو خاتوو ئانماری ئوگالدە پیکهاتبوو لە ماوەی ٢ کاتژمیری چاوپیکەوتنەکەدا کۆمەلیك باسیان لە سەر وەزعییەتی ئیستای کوردستانو ئیرانو گۆرانکاریی ناوچەیی و جیهانییەکان هینایە گۆرێو بیروڕایان لەسەر گۆرینەوە.

پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ کاتژمیر ٦ی ئیوارە بەریز مامۆستا حەسەنزادە چاوی بە خاتوو مویلەر بەرپرسی پیوەندییە نیونەتەوەییەکانی حیزبی ژینگەو خاتوو لۆتنانیلسۆن ئەندامی پارلمانی سوئید کەوت. لەو چاوپیکەوتنەدا بەریز سکرتیری گشتیی حیزب خەتە گشتییەکانی سیاسەتی حیزبو چەمکەکانی دیموکراسی، مافی مرۆڤ، چارەسەری کیشەی کورد لە ئیرانو هەلویستی حیزب بەرامبەر سیاسەتی وتوویژی ئوروپا لەگەڵ ئیرانی بە روونی خستە بەرچاوو لە پیوەندی لەگەڵ وەزعی گەلی کورد لە ئیرانو سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بەم گەلەو هەروەها لە سەر ریگاچارەسەریەکانی کیشەی کورد وەك خودموختاریو فیدرالیزم باسیکی تیروتەسەلی پیشکەش کرد.

شایانی باسە لە هەر دوو چاوپیکەوتندا وەلامی پرسیارەکانی هەیئەتی حیزبی چەپو حیزبی ژینگەی سوئیدی لەمەر کیشە جۆراوجۆرەکانی پیوەندیدار بە ئیرانو کوردستانەوە دایەوە.

سکرتیری گشتی حیزب هاوریی تیکۆشەر عەبدوللا حەسەنزادە سەردانی حیزبی سوسیال دیموکراتی سوئیدی کرد

رۆژی سێشەممە ریکەوتی ٢٠٠٢/١١/٥، کاتژمیر ١٠ی سەرلەبەیانی هەیئەتیکی حیزبی دیموکرات بە سەرۆکایەتی بەریز مامۆستا عەبدوللا حەسەنزادەو هاوڕێیەتی بەریز مستەفا مەولوودی ئەندامی دەفتەری سیاسی، لەسەر بانگهیشتی حیزبی سوسیال دیموکراتی سوئید سەردانی دەفتەری ئەو حیزبەیان کردو لە لایەن بەریز کۆنی فریدریکسۆن سەرۆکی گرووپی کاری کوردان لە ئەنتیرناسیونال سوسیالیستو خاتوو ئاننالیندا بەرپرسی پیوەندییە نیونەتەوەییەکانی حیزبی سوسیال دیموکراتی سوئید پیشوازی لی کرا.

بەریز مامۆستا حەسەنزادە لەو چاوپیکەوتنەدا باسیکی تیروتەسەلی لەسەر بارودۆخی کوردستانو ئیرانو ناوچەو رووداوەکانی جیهان دوای ١١ی سپتامبرو هەروەها سیاسەتی ئاشتیخوازانەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران پیشکەش کرد. پاش هاتنەگۆری باسیکی دوورو درێژو گۆرینەوەی بیروڕا، بەریز کۆنی فریدریکسۆنو خاتوو ئاننالیندا پشتیوانی خۆیان لە خەباتی ڕەوای حیزبی دیموکراتو هاوپیوەندیی ئەنتیرناسیونال سوسیالیست دەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیرانو سیاسەتی پیشکەوتنخوازانەی ئەو حیزبە دووپات کردەوە.

نۆرویژ

دیداری بەریز مامۆستا عەبدوللا حەسەنزادە سکرتیری گشتیی حیزب لەگەڵ سەرۆکی کۆمیسیۆنی کاروباری دەرەوەی پارلمانی نۆرویژدا

دوانیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ریکەوتی ٢٠٠٢/١١/١٢ سکرتیری گشتیی حیزبەکەمان بەریز مامۆستا عەبدوللا حەسەنزادە لەسەر بانگهیشتنی کۆمیسیۆنی کاروباری دەرەوەی پارلمانی نۆرویژ سەردانی پارلمانی ئەو وڵاتەی کردو لە لایەن بەریز "تۆربیورن یاگلاند" (Thorbyorn Yagland) سەرۆکی کۆمیسیۆنی کاروباری دەرەوەی نۆرویژەوە پیشوازی لێکرا.

لەو چاوپیکەوتنەدا بارودۆخی ئالۆزی ڕۆژهەلاتی نیوەراست، دۆزی کورد بەگشتیو کوردستانی ئیران بە تایبەتی کەوتنە بەرباسو لیدوان.

لەبەشیکی دیکەی ئەو سەردانەدا، باس لە هاوکاریی هەر دوو لایەن لە چوارچیوەی ئەنتیرناسیۆنالی سوسیالیستدا کرا. بەریز یاگلاند لەسەر پشتیوانیی هەمە لایەنەی ئەنتیرناسیونالی سوسیالیست لە خەباتی رزگاریخوازانەو میللی ـ دیموکراتیکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران داکۆکی کردو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیرانی وەك ئەندامیکی بە پرەنسیبی بنەمالەی ئەنتیرناسیونالی سوسیالیست ناو برد.

شایانی باسە کە بەریز "تۆربیورن یاگلاند" ئەندامی شوورای ریبەرایەتیی ئەنتیرناسیونالی سوسیالیستو سەرۆکی کومیتەی ڕۆژهەلاتی نیوەراستی ئەنتیرناسیونالی سوسیالیست (S.I.M.E.C) ە.

نورویژ

سەردانی مامۆستا عەبدوللا حەسەنزادە لە وەزارەتی دەرەوەی نۆرویژ

پیشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ٢٠٠٢/١١/١٣، بەریز مامۆستا عەبدوللا حەسەنزادە سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران سەردانی وەزارەتی دەرەوەی نۆرویژی کردو لە لایەن بەریز کارستین کارلسۆن (carsten carlsen) موشاویری وەزیری دەرەوەو بەرپرسی بەشی ڕۆژهەلاتی نیوەراستی وەزارەتی دەرەوە پیشوازی لی کرا.

لە ماوەی ئەو چاوپیکەوتنەدا بەریز مامۆستا عەبدوللا حەسەنزادە ڕوونکردنەوەیەکی پیویستی لەسەر هەلومەرجی گرنگو قەیرانیی ڕۆژهەلاتی نیوەراست، ڕووداوەکانی ئەو دوایانەی ئیران بە گشتیو کوردستان بە تایبەتی خستنە ڕوو. لە دریژەی وتوویژەکەدا ڕوانگەو بۆچوونی دەولەتی نۆرویژ بەرامبەر بە ریژیمی کۆماری ئیسلامی لە مەر پیشیلکاریی مافی مرۆڤ، سەرکوت کردنی کۆمەلانی خەلکی ئیرانو ئیعدامە سیاسییەکانی ئەم دوایانەی ریژیم کەوتەبەر باسو لیدوان.

بەریز کارلسۆن ئاماژەی بە هەلویستو سیاسەتی ڕەخنەگرانەی دەولەتی نۆرویژ لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بەو ریژیمە کردو کردەوە دژی ئینسانییەکانی ئەو ریژیمەی مەحکووم کرد.

بەریز کارلسۆن پشتیوانیی دەولەتی نۆرویژی لە ویستو داخوازە ڕەواکانی گەلانی ئیرانو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران دووپات کردەوەو بەلینی دا لە هەموو تواناو ئیمکاناتی خۆیان بۆ خستنە ژیر فشاری ریژیمی ئیسلامیو مەحکووم کردنی سیاسەتە دژی ئینسانییەکانی کەلك وەرگرن.

ریبەری حیزبی قەدەغەکراو، نیگەرانی ئیعدامە سیاسییەکانە

"کوردەکان لە ئیراندا ناچار بوون بەرگری لەخۆیان بکەن"

لە ڕۆژنامەی تووروون سانۆمات ٢٠٠٢/١١/٢
نوسینی ئیلینا تووککانین

سکرتیری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران، عەبدوللا حەسەنزادە دەلێ: "بە بەراورد لەگەڵ ٣ ریبەری شەهیددا لانی کەم ٥ ساڵ زیاتر ژیاوم. چونکە پیشەوا بە ٤٧ سالی، دوکتۆر شەرەفکەندی بە ٥٥ سالیو دوکتۆر قاسملوو بە ٥٩ سالی شەهید بوون".

مامۆستا عەبدوللا حەسەنزادەی ٦٤ ساڵە ریبەریی حیزبیکی قەدەغەکراو لە ئیراندا دەکا کە ریبەرانی ئەو حیزبە لە تەمەنی خوارەوەی ٦٠ ساڵ دا کوژراون. شوین پیی بکوژانی ڤییەنو بیرلین بەرەو ئیران دەچیتەوە.

مامۆستا حەسەنزادە لەو حەوتوویەدا بە مەبەستی دیدارو چاوپیکەوتنی هاووڵاتییانی خۆی سەردانی شاری "تۆرکۆ"ی کرد. سەفەری مامۆستا حەسەنزادە بۆ ئورووپا بە مەبەستی وتوویژ لە سەر بارودۆخی ئیستای ئیرانو ڕۆژهەلاتی نیوەراستە. مامۆستا لە تۆرکۆ لەبەر مەسەلەی ئەمنییەتی نەیویست بلێ بۆ چ ماوەیەك لە فینلاند دەمینیتەوەو لیرەوە بەرەوکوێ دەروا. کوردستانی عیراق یان پاریس.

ئەو پیاوە جوامیرو ماندوونەناسە ریگایەکی دریژی لە پیناو وەدیهینانی مافە زەوتکراوەکانی کوردان لە ئیراندا پیواوە. لەو دوایانەدا چوار کەس لەو کەسانەی کە بە وتەی مامۆستا حەسەنزادە خەباتکاری ریگای ئازادیی گەلی کورد بوون، ئیعدام کران. بەلام مامۆستا ترسی ئەوەی هەیە کە ئیعدامەکان بەوەندەوە نەوەستێ.

سەرکۆماری ناسراو بە ریفۆرمخوازی ئیران، محەممەد خاتەمیو لایەنگرانی لەبەر بێدەسەلاتی نەیان توانیوە بەلینییەکانی خۆیان بەجێ بگەیەنن. بۆیە کوردەکان بە هۆی وەدی نەهاتنی مافە زەوتکراوەکانەوە لیبیان رازی نین.

"کیشەی عیراق کار ناکاتە سەر ئیران"

ئیران یەکیکە لەو وڵاتانەی کە سەرۆك کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، جۆرج بووش لە پەنای عیراقو کورەی باکووری بە "تەوەری ئەهریمەن"ی ناوبردوە.

ئیستا ئەگەری ئەوە هەیە ئەمریکاش هیرش بکاتە سەر عیراق. بە بروای ریبەری کوردەکانی ئیران ئەو شەرە راستەوخۆ شوین لەسەر کوردستانی عیراق دادەنێ، بەلام کاریگەریەکی راستەوخۆی لە سەر کوردەکانی ئیران نابێ. " لە روانگەی شەخسی خۆمەوە سەقامگیر کردنی سەرلە نویی ناوچە بە دوای شەریکی ئاوا کاریکی یەگجار سەختە" لە بارەی داهاتووی کوردەکان پیشبینی جۆراوجۆر هەیە. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بۆ پیکهاتنی کوردستانیکی یەکگرتوو و سەربەخۆ خەبات ناکا. بەلکوو خەباتی ئەو حیزبە بە مەبەستی باشتر کردنی وەزعییەتی کوردەکان لە ئیران دایە. حیزبی دیموکرات پیکهینانی کوردستانی سەربەخۆ بە کاریکی گرانو دوور دەزانێ. چونکە هەلگرتنی دروشیکی وا بە واتەی تیکدانی لانی کەم سنووری چوار دەولەت دەبێ. حیزبیك کە مامۆستا عەبدوللا حەسەنزادە ریبەرایەتیی دەکا، ٥٧ ساڵ لەمەوبەر دامەزراوە. ئەو حیزبە تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت لە سەرەتای هەشتاکان کە لە هەلبژاردنیکی ئازاد دا بەشدار بووە، توانیویەتی زیاتر لە ٨٠٪ی دەنگەکان بینیتەوە. حیزبی دیموکرات سێجار ناچار بووە بە شیوەی چەکدارانە دیفاع لە خۆی بکا. بەلام بەردەوام باوەری بە چارەسەری کیشەی کورد بە شیوەی ئاشتیخوازانە هەیە.

لەبارەی ژمارەی کوردەکان بینینی جیاواز هەیە. مامۆستا عەبدوللا حەسەنزادە حەشیمەتی کوردەکان بە ٣٠ میلیون کەس مەزەندە دەکا. نیزیك بە نیوەی کوردەکان لە تورکیە دەژین. باقییەکەیان لە وڵاتی ئیران، عیراقو سووریەدان.

"هەزاران کوردی ئیرانی لە عیراق دەژین"

لە دەسپیکی هەشتاکاندا بە هۆی شەری ئیرانو عیراق بە دەیان هەزار لە کوردەکانی ئیران ئاوارە بوون. هەزاران کەس لەوانە لە کوردستانی عیراقدا دەژین کە بە هۆی پاراستنی ئەمریکاو بریتانیا لە بارودۆخی تایبەتی دا بە شیوەیەکی ئارام دەژین.

وەزعییەتی کوردە ئیرانییەکان لە کەمپەکانی عیراق ئەوەندە باش نیە. نەتەوە یەکگرتووەکان هاوکاریی پەنابەرانی دانیشتووی کەمپەکان دەکا، بەلام ئەو یارمەتییە لە بەراورد لەگەڵ پیویستییەکانی پەنابەران یەگجار زۆر کەمە. کوردەکانی ئیران لە عیراقەوە بەرەو ئەمریکاو ئورووپاو ئوسترالیا دەچن. بە وتەی مامۆستا حەسەنزادە ئەوان بەر لە هەموو شتیك پییان خۆشە بگەرینەوە ئیران، بەلام بە چەندین هۆ ئەم کارە ئەستەمە. "لە ئیران گیروگرفت تەنیا کیشەی کورد نیە، لەوێ مافو ئازادیی هەموو هاووڵاتییان پیشیل دەکرێ".

ریبەری کوردەکانی ئیران ڕەخنە لە قازانج پەرەستیی وڵاتانی ڕۆژئاوا دەگرێ. بە بروای ئەو ئەمریکاو ئورووپا نابێ پشتگیری لە کۆماری ئیسلامیی ئیران بە ریبەرایەتیی عەلی خامەنەییو حاکمییەتی توندرەوەکان بکەن. مامۆستا حەسەنزادە دەلێ: "ئیران وڵاتیکی دەولەمەندە، گەورەو لە باری ستراتیژیکەوە گرنگە. ئیران بازاریکی بەرینە. بۆیە کۆماری ئیسلامیی ئیران توانیویەتی رکەبەری بخاتە نیوان ئورووپاو ئەمریکاو جار جارەش ڕووسیەوە"، "ئیمە هیواداریین وڵاتانی پیشکەوتوو، ئیران ناچار بکەن ریز لە مافی مرۆڤ بگرێ.

❋❋❋

بەریوەچوونی "فستیڤالی هەژاری موکریانی" لە هەولیر

ریورەسمی دەست پیکردن:

سەعات ١٠ی بەیانیی رۆژی یەکشەمە ٢٠٠٢/١١/٣، فستیڤالی ٣ رۆژەی هەژاری موکریانی بە بەشداری سەدان ئەدیب، لیکۆلەرو رووناکبیری کورد، لە ریورەسمیکی گەورەدا لە هۆلی میدیای شاری هەولیر کاری خۆی دەست پێکرد.

ئەم فستیڤالە کە "وەزارەتی رۆشنبیریی حکوومەتی هەریمی کوردستان ـ هەولیر" پیکی هینابوو، بە خویندنەوەی چەند ئایەت لە قورئانی پیرۆزو ریزنان لە شەهیدان کاری خۆی دەست پێ کرد. پاشان بەریز ماجد رووحانی کە لە ١٠ سالی دوایی تەمەنی مامۆستا هەژاردا، هاوکاری نزیکو ویراستاری کارەکانی مامۆستا هەژار بوو، پەردەی لە سەر وینەی هەژار لا دا. دوایە تیپی هونەری موسیقای وەزارەتی رۆشنبیری دوو سرودی ئیجرا کرد کە شیعرەکەیان هی مامۆستا هەژار بوون. دواتر بەریز ئەکرەم مەنتك، ئۆستانداری هەولیر وتەیەکی کورتی پیشکیش کرد. بەدوای پاریزگاری هەولیردا بەریز مامۆستا مەحموود محەمەد وەزیری رۆشنبیری لە وتاریكدا، بەخیرهاتنی بەشداران بە تایبەتی ئەو میوانانەی کرد کە لە سلیمانی، دهۆك، بەغداو کوردستانی ئیرانەوە هاتبوون. وەزیری رۆشنبیری، هیواداریی دەربری کە لە ماوەی سێ رۆژ کاری فستیڤالدا، زۆر باسو لیکۆلینەوەی بەپیز لەسەر ژیانو کەسایەتیو بەرهەمەکانی مامۆستا هەژار، پیشکیش بکرینو بەشداران چالاکانە لە راپەراندنی کارو ئەرکەکانی فستیڤالدا بەشدار بن. وەزیری رۆشنبیری لە کۆتایی قسەکانیدا داوای لە بەریز مەسعوود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد لەو بۆنەیەدا وتەیەك لەبارەی هەژارەوە پیشکیش بکا. بەریز سەرۆکی پارتی لە قسەکانیدا چارەنووسی مامۆستا هەژاری بەچارەنووسی کوردستان شوبهاندو گوتی هەژار ئاوینەی موعاناتی گەلەکەی بوو، چونکە هەموو تەمەنی خۆی لە خەباتو تیکۆشانو کۆلنەدانەدا بردە سەر.

بەدوای وتاری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، فیلمیکی دیکۆمینتی دەربارەی ژیانی هەژار کە هونەرمەند "عوسمان رانیەیی" ئامادەی کردبوو، پیشان درا. دوابەدوای نیشاندرانی فیلمەکە، پەیامی سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران هاوریی تیکۆشەر عەبدوللا حەسەنزادە لەلایەن هاوریی بەریز فەتتاحی کاویان ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیرانەوە خویندرایەوە.

مامۆستا حەسەنزادە لەسەرەتای پەیامەکەیدا بەداخبوونی خۆی لەوە راگەیاندبوو کە بەبۆنەی سەفەریك بۆ دەرەوەی کوردستان نەیتوانیوە لەو فستیڤالەدا بەشدار بێ. بەریز سکرتیری گشتیی حیزب ویرای ریزنان لەو هەنگاوە بەجێیەی وەزارەتی رۆشنبیری، بە ریزەوە یادی ژیانو تەمەنی پربەرهەمو ئاویتە لەگەڵ خەباتو تیکۆشانی هەژاری نەمرو خزمەتە جۆراوجۆرەکانی مامۆستا هەژار بە گەلو نیشتمانەکەی کردبۆوە.

بابەتەکانی دیکە کە لە ریورەسمی دەستپیکردنی فستیڤالدا خویندرانەوە بریتی بوون لە: شیعری "مزگینی بۆ هەژار" لە لایەن شاعیر حەسەنی دانیشفەرەوە، بروسکەی پیرۆزبایی ئەنستیتۆی کورد لە تاران لە لایەن مەنسوور تەیفووریەوە، نامەی رووناکبیری عەرەب "عەبدالمعین الملوحی"و پارچە موسیقاو گۆرانیەك لە لایەن هونەرمەند شیرزاد شیخانیەوە.

یەکەم تەوەر بۆ باسو لیدوان

دوانیوەرۆی ٢٠٠٢/١١/٣ هەر لە هۆلی میدیا یەکەم تەوەر کە تەرخان کرابوو بۆ باس لە سەر "بیری نەتەوەیی هەژار" بەریوە چوو. لە ماوەی زیاتر لە دوو ساعەتدا، ٥ نووسەرو لیکۆلەر بابەتەکانی خۆیان پیشکیش کرد. ئەو پینج بەریزە بریتی بوون لە:

١ـ ماجد رووحانی (مامۆستا هەژارو چەند بیرەوەییەك)، ٢ـ سەلاح بەدرەدین (چەند لاپەرەیەك لە ژیانی نەتەوەیی هەژاری موکریانی لە رۆژئاوای کوردستان)، ٣ـ قادر وریا (کوردایەتیو نیشتمانپەرستی، کاکلەو مەبەستی سەرەکیی خزمەتە جۆراوجۆرەکانی هەژاری نەمر) ٤ـ محەمەد سالح ئیبراهیمی (بیری نەتەوەیی هەژاری موکریانی)، ٥ـ سەرۆ قادر (هەژار موکریانی وەك رۆشنبیریکی خاوەن هەلویست).

کۆرگیری کۆرەکانی ئەم تەوەرە، پروفیسۆر دوکتور شوکریە رەسوڵ بوو.

رۆژی دووهەم ٢٠٠٢/١١/٤

دانیشتنی پیشنیوەرۆی ئەو رۆژە تەرخان کرابوو بۆ تەوەری "هەژارو زمانەوانی". کۆرگیری کۆرەکانی ئەم تەوەرەش دوکتور ئیبراهیم ئەحمەد بوو. ئەو بەریزانەی لەم تەوەرەدا باسیان پیشکیش کرد، ئەمانە بوون:

١ـ دوکتور محەمەد مەحوی (هەژارو هەنبانەبۆرینەو سیماکانی فەرهەنگی جووت زمان) ٢ـ محەمەدی مەلا کریم (کاك هەژار لە دیدگای ٣٥ ساڵ لەمەوبەرو چەند رستەیەکیتر) ٣ـ خالید تەوەککولی (خویندنەوەیەکی رەخنەگرانەی شیعری هەژار لەبارەی کۆمەلناسییەوە) ٤ـ فەریدوون نووری (نقش هەژار در تحول جنبش فرهنگی کرد).

لە دوانیوەرۆی ئەو رۆژەشدا کە تەرخان کرابوو بۆ تەوەری "هەژارو ئەدەب"و دوکتور محەمەد مەحوی کۆرەکانی ئەم تەوەرەی بەریوە برد، چوار بەریز بابەتیان پیشکیش کرد کە بریتی بوون لە:

١ـ دوکتور دلشاد عەلی (زمانی شیعری هەژار، تیروانینو هەلسەنگاندن) ٢ـ رەشید فندی (گەشبوونا شیعرا نەتەوەیی لە نك هەژار موکریانیی شاعیردا) ٣ـ محەمەد سالح سەعید (کوردەواری لە چیشتی مجیوری هەژاری موکریانیدا) ٤ـ بارزان مەلا خالید (هەژاریکی دەولەمەند، وەکوو پیشمەرگە . . . وەکوو شاعیر)

تەوەرەو باسەکانی سیهەم رۆژ (سێشەمە ٢٠٠٢/١١/٥)

لە دانیشتنی پیشنیوەرۆی ئەو رۆژەدا کە بۆ "هەژارو وەرگیران" تەرخان کرابوو نزیکەی ٣ سەعاتی خایاند، ئەو بەریزانە وتارو بابەتیان پیشکیش کرد:

١ـ پرۆفیسۆر دوکتور عیزەدین مستەفا رەسوڵ (هەژارو وەرگیران) ٢ـ شوکر مستەفا (وەرگیردراوەکانی هەژاری موکریانی) ٣ـ دوکتور عەبدوللا پەشیو (چەند قسەیەك بۆ ریزلینان لە خزمەتەکانی هەژار) ٤ـ سەلاحەدینی ئاشتی (خەییامو چوارینەو هەژار) ٥ـ دوکتور هادی موورادی (رۆلی موسیقا لە قورئانو پاچڤەکەی مامۆستا هەژار) ٦ـ رەئوف عوسمان (هەژارو وەرگیرانی قورئان)

کۆرەکانی ئەم تەوەرە لەلایەن دوکتور دلشاد عەلییەوە بەریوە چوون.

دواین کۆبوونەوەی فستیڤال کە دوانیوەرۆی ٢٠٠٢/١١/٥ بەریوە چوو، بۆ گیرانەوەی خەرمانە بیرەوەرییەك لەبارەی هەژارەوە تەرخان کرابوو. لەو تەوەرەدا بەریزان دوکتور شەفیق قەزاز، ئەندازیار خوسرەو جاف، محەمود زامدار، هاشم سابلاغی (دۆستو هەڤالی سەردەمی میرمندالیو لاوەتیو دواتری مامۆستا هەژار)و خاتوو خانم خیزانی رەحمەتیی محەمەد مەولوود (مەم)ی چیرۆکنووس، چەندین بیرەوەرییان لەبارەی خووو خدەو تایبەتمەندییەکانو تیکۆشانو خزمەتەکانی مامۆستا هەژارەوە گیرایەوە. پاشان گەپنووسو گۆشەنووسی ناسراوی کوردستانی عیراق ئیسماعیل بەرزنجی، کۆمەلیك لەو نامانەی خویندنەوە کە کاتی خۆی مامۆستا هەژار، بۆ مەمی چیرۆکنووسی ناردبوون.



لە دوایین برگەی کاری فستیڤالدا بەیاننامەی کۆتایی هاتنی فستیڤال لە لایەن بەریز حەسەن سەلاح (سۆران)ەوە خویندرایەوە.

لەو فستیڤالەدا هەیئەتیکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران پیکهاتوو لە هاوریان: ١ـ فەتتاح کاویان، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبو نووسەرو وەرگیرو خاوەنی فەرهەنگی "حەوتەوانە"، ٢ـ کەماڵ کەریمی ئەندامی کومیتەی ناوەندیو نوینەری حیزب لە هەولیر، ٣ـ قادر وریا ئەندامی کومیتەی ناوەندیو ئەندامی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبو ٤ـ برایمی جەهانگیری ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی "کوردستان" بەشدار بوون. هەیئەتی حیزب لە ماوەی سێ شەوو رۆژ کاری فستیڤالدا چاویان بە ژمارەیەکی زۆر لە رووناکبیران، نووسەرانو هونەرمەندانی شارو ناوچەو بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان کەوتو لەبارەی زۆر مەسەلەوە، بەتایبەتی هەلومەرجی فەرهەنگیی کوردستانو ئەرکی رووناکبیرانو پێویستیی هاوکاریی نێوان بنکەو ناوەندو دامەزراوە فەرهەنگییەکان بیروڕایان گۆڕیەوە.

پێویستە بگوترێ لە کوردستانی ئێرانیشەوە چەندین رووناکبیر، نووسەر، لێکۆلەرو وەرگێڕ بۆ ئەم فستیڤالە هاتبوون کە هەم لە پێشکێشکردنی باسو بابەتو لێکۆڵینەوەدا، هەم لە هەڵسەنگاندنو بیروڕا دەربڕین لە بارەی باسە پێشکێشکراوەکاندا، چالاکانە بەشدار بوونو دەورێکی باشیان لە دەوڵەمەند کردنو زیندووترکردنی فستیڤالەکەدا هەبوو.

فستیڤالی سێ رۆژەی هەژاری موکریانی، دەرفەتێکی باشی پێك هێنا تا ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندان، لێکۆلەرانو بەگشتی کەسایەتییە فەرهەنگیو رووناکبیرەکانی کوردستان وێڕای یادکردنەوەو رێزنان لە خزمەتەکانی هەژار بە زمانو ئەدەبیاتو مێژووی کورد، جارێکی دیکە لە دەوری یەك کۆبینەوەو کۆمەڵێك پێشنیارو بۆچوونی بەکەڵك بۆ باشتر بەرێوەچوونی ئەو جۆرە کارو هەنگاوانە لە داهاتوودا، بێننە گۆڕێ.

پەیامی سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران هاوریی تیکۆشەر عەبدوللا حەسەنزادە بۆ فستیڤالی هەژاری موکریانی

بەریز مامۆستا محمود محمد محمود وەزیری رۆشنبیریی حکوومەتی هەریمی کوردستان ـ هەولیر!

بەریزان نووسەران و رووناکبیران و هونەرمەندانی ئامادە لە فستیڤالی ریزگرتن لە نووسەرو وەرگیرو شاعیرو زمانزان و فەرهەنگنووسی ناوداری کورد مامۆستا هەژاری موکریانی دا!

ویرای گەرمترین سلاو و ریزو ئاواتی سەرکەوتنتان!

چەندە بۆمن جیگای شانازی و بەختیاری بوو کە بم توانیبا لەم کۆرە پیرۆزەتان دا ئامادە بم و لە خەرمانی فکرو فەزڵ و هونەری شاعیران و نووسەران و هونەرمەندانی هەلبژاردەی کورد کە لەم فستیڤالەدا بەشدارن بەهرەیەك وەربگرم! زۆر بەداخم کە هاتنەپیشی سەفەریکی پیویست و دوورکەوتنەوە لە کوردستان ئەم دەرفەتەی لێبریم و ئەم بەهرەیەی لە کیس دام.

لە کانگای دلمەوە سوپاس و پیرۆزباییتان پیشکیش دەکەم بۆ ئەم فستیڤالە کە بۆ ریزگرتن لە خزمەتە گەورەو گرانەکانی مامۆستا هەژاری نەمر ریکتان خستوە. ئەم فستیڤالە هەر لەو کاتەدا کە پاداشیکە بۆ کارو خزمەتەکانی هەژار بە زمان و ئەدەبیات و میژووی کوردی، هاندەریکیشە بۆ ریبوارانی ریگای هەژارو خزمەتگوزارانی زمان و ئەدەبیات و هونەرو فەرهەنگ و کەلەپووری کوردی کە دەبینن دەسەلاتدارانی کوردو هەلبژاردەکانی کوردو بە تیکرا کۆمەلانی خەلکی کوردستان خزمەتی لەو بابەتە لەبیر ناکەن و یادی ئەو جۆرە مرۆڤانە لە میژووی کوردستان دا بە زیندوویی رادەگرن.

ئەم ریزگرتنە لە هەژاری موکوریانی زۆر لە جیگای خۆی دایە. نەك هەر لەبەر ئەوە کە هەژار سوارچاکیکی مەیدانی نووسین و وەرگیران و شیعرو ئەدەبیاتی کوردی و فەرهەنگ نووسین و دەولەمەند کردنی کتیبخانەی کوردی بە بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی بوو. بەلکوو هەر لەو کاتەش دا لەبەر ئەوە کە هەژار تیکۆشەریکی شیلگیری ریگای خەبات بۆ رزگاری و وەدیهیناني ئاوات و ئامانجە لەمیژینەکانی گەلی کورد بوو. هەژار ئەو شاعیرو نووسەرە بە دەربەست و بە بیروباوەرە بوو کە هەموو ژیانی خۆی لە ریگای خەبات بۆ رزگاریی نەتەوەکەی دا بەخت کردو هەموو بستیکی کوردستانی بە نیشتمانی خۆی دەزانی.

کوردم و لە ریی کوردو کوردستان — سەر لە پیناو و گیان لەسەر دەستان
بەکوردی دەژیم، بە کوردی دەمرم — بە کوردی دەدەم وەڵامی قەبرم
بە کوردی دیسان زیندوو دەبمەوە — سەرلەنوێ بۆ کورد تێ هەڵ دەچمەوە

هەژاری موکریانی ئەگەر رۆژیك لە سیبەری کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان و لە ژیر چەتری ئەدیب پەروەری و ئەدەبدۆستیی پیشەوای نەمر قاضی محمدی سەرکۆمار دا ناسناوی شاعیری میللیی بە باڵا دەبرا، بە رووخانی کۆماری کوردستان و دارمانی کۆشکی هیواو ئاواتەکانی، قەلای ورەو بروای نەرووخا، ئامانج و ئاواتەکانی کوردی بە کۆڵ دا داو شار بە شارو وڵات بە وڵات بەدوای پەناو پەسیویك دا گەرا تا سەرەنجام دوای چەندین ساڵ کویرەوەری و دەربەدەری و چیشتنی خاکەساری و دەردەداری لە سیبەری بزووتنەوەی کوردی عیراق و لە بن بالی سەرکردەی ناوداری کورد خوالیخۆشبوو بارزانی دا ستاری گرت و مەیدانیکی بۆ دریژەدان و بەرەوپیشبردنی خزمەتەکانی دەست کەوت.

٣٠ ساڵەی کۆتایی تەمەنی مامۆستا هەژار هەم لەباری هەولدان بۆ هاندانی رۆلەکانی کورد بەرەو خەبات لە پیناوی رزگاری داو هەم لە بواری خزمەت بە زمان و ئەدەبیات و میژووی کوردی دا ساڵانیکی پر بەرهەم بوون و بە تایبەتی لەبارەی ناسین و ناساندنی رەسەنایەتی و دەولەمەندیی زمانی کوردییەوە سامانیکی گەورەی لە دوای خۆی بۆ نەوەی ئەمرۆو دوارۆژی کورد بەجێهیشت.

بەداخەوە "هینده ئەجەل" رانەوەستا، تا هەژاری تامەزرۆی ئازادی خۆی گوتەنی:

"وەتەنم هەروەکی بۆخۆم دەمەوێ — سەردەمێ چاومی وا پێ بکەوێ
ئەودەمەی گیان بە دەسی خۆم تەسلیم — دەکەم و نامەوێ با چی دی نەژیم"

دەستی ئەجەل بە ناوەخت هەژاری لە باوەشی کوردستان و کورد رفاندو بەم کەتنە زیانیکی گەورەی بە گەل و وڵاتەکەمان گەیاند. هیوادارم زۆری پێ نەچێ ئاواتی بەرزو لەمیژینەی هەژارو هەموو هەژارەکان بیتە دی و لە سەهەموو بەشەکانی کوردستان گەلی کورد بە ماف و ئازادییە رەواکانی خۆی بگا. جا ئەودەم لاوان و گەورە کچان و نازداران و دلبەرو دلتەرو دلدارەکان وەسیەتەکەی بەجێ بینن کە دەیگوت:

"کیژو کور هەرچی بە لاما لادا — پیم بلێ و پایێ بە قەبرم دادا
ئەی هەژار بەسیەتی مردن هەستە — مژدە بێ مەوتەنەکەت سەربەستە".

جاریکی دیکە پیرۆزبایی و دەستخۆش و ماندوو نەبوونیتان عەرز دەکەم و هەر بژین.

براتان
عبدالله حسن زادە

ڕاگەیەندراوی کومیسیۆنی سیاسی ـ نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بەبۆنەی شەهیدبوونی هاوڕێ مەنسوور مەعرووفییەوە

هاونیشتمانانی بەڕێز!
کۆمەڵانی خۆڕاگری خەڵکی کوردستان!
کادرو پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

بەداخەوە ڕادەگەیەنین کە سەعات ٩ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەمۆ، ڕێکەوتی ١٥ی خەزەڵوەری ١٣٨١ی هەتاوی بەرامبەر ٢٠٠٢/١١/٦ی زایینی تێکۆشەرێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی کاك مەنسوور مەعرووفی لە شەقامی ٥٥ی شاری بۆکان کەوتە بەر دەسترێژی هێزەکانی ڕێژیمو شەهید کرا.

شەهید مەنسووری مەعرووفی ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی لەشاری بۆکان لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لەدایك بوو، دوای تەواوکردنی خوێندن لە دەورەی ڕاهنمایی، لە ساڵی ١٣٧٧دا هاتە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو وەك پێشمەرگەیەکی بەنەزمو خاوەن بیروباوەڕ ئەرکە پێئەسپێردراوەکانی بەو پەڕی دڵسۆزییەوە بەڕێوە دەبرد.

شەهیدبوونی کاك مەنسوور مەعرووفی پەژارەیەکی زۆری بۆ هاوڕێیانو هاوسەنگەرانی پێك هێنا.

کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکووم کردنی ئەو جینایەتەی ڕێژیمو دەربڕینی خەمو پەژارەی خۆی بۆ لەدەست چوونی کاك مەنسوور، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزیو لە دۆستو هاوسەنگەرانیو خەڵکی شاری بۆکانو سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکا.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهید مەنسوور مەعرووفیو هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی

مەرگو نەمان بۆ ڕێژیمی دژی ئینسانی کۆماری ئیسلامی ئێران

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی
١٣٨١/٨/١٩ی هەتاوی (٢٠٠٢/١١/١٠ی زایینی)

هاتنی دەستەیەکی دیکە لە لاوانی بەهەستو نیشتمانپەروەر بۆ نێو ریزەکانی حیزب

ڕۆژی چوار شەمە، ڕێکەوتی ٨١/٨/١٥ دەستەیەکی دیکە لە لاوانی بەهەستو نیشتمانپەروەری گەلەکەمان پاش کۆتایی هاتنی دورەکەیان (دەورەی ١٤٤ی سەرەتایی پێشمەرگە) جلوبەرگی پڕ لە شانازیی پێشمەرگایەتیان لەبەر کرد.

بەو بۆنەیەوە ڕێورەسمێك بە بەشداریی بەڕێز کاك ڕۆستەم جەهانگیری، ئەندامی کومیتەی ناوەندیو بەرپرسی ناوەندی ٣ی کوردستان، هەیئەتی نوێنەرایەتیی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی، بەرپرسو کادرو پێشمەرگەکانی فێرگەو هەروەها کۆمەڵێك لە تێکۆشەرانی حیزبیو بنەماڵەکانی دەوروبەری دەفتەری سیاسی لە فێرگەی سیاسی ـ نیزامیدا بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" دەستی پێکرد. پاشان هاوڕێ کاك ڕوستەم جەهانگیری چەند وتەیەکی بەم بۆنەیەوە پێشکەش کرد. کاك ڕۆستەم لە سەرەتای باسەکەیدا ڕۆڵو نەخشی هێزی پێشمەرگەی لە خەباتی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانی بە ڕوونی خستە ڕووو بە ئاماژە بە کەسایەتیو پێگەی پێشمەرگە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا وتی: "پێشمەرگە چەکدارێکی سیاسیو زاناو تێگەیشتووو پێشکەوتنخوازە، بە گژ پێشێلکەرانی مافی نەتەوەکەیو داگیرکەرانو زۆرداراندا دەچێتەوە. هەر بۆیە پێشمەرگە لە نێو دڵو دەروونی کۆمەڵانی خەڵکدا جێی تایبەتی هەیەو گەلی کورد پێشمەرگە بە گلێنەی چاوی خۆی دادەنێ." کاك ڕۆستەم لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا وەزعییەتی شپرزەو نالەباری کۆماری ئیسلامی لە گۆڕانکاریەکانی ئەوڕۆی ناوچەکەو جیهانیدا خستە بەرباسو لێکدانەوەو ئەو ڕاستییەی دووپات کردەوە کە کۆماری ئیسلامی دوایین ڕۆژەکانی تەمەنی خۆی دەباتە سەرو کەوتۆتە هەڵدێری نەمان.

لە بەشێکی تری ڕێورەسمەکە هاورێیان کاك عەلی کەسنەزانی، ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندیو کاك ئەحمەد سادقپور کادری لەمێژینەی حیزبەکەمان خەڵاتیان بەسەر ژمارەیەك لە بەشدارانی دەورەکەدا دابەش کرد.

نێوتاخنی بەرنامەکەش کۆمەڵێك شێعرو گۆرانیی جۆراوجۆر بوون کە بەهاوکاریی کۆڕی هونەریی حیزب پێشکەش کران.

لە پەراوێزی کۆبوونەوەی هاوپێوەندی لە گەڵ گەلی کوردو حیزبی دیموکرات لە مەجلیسی میللیی فەرانسەدا

قادر وریا

لە ئۆکتۆبری ئەمساڵدا، پارلمانی فەرانسە بۆ جارێکی دیکە بۆوە بە نوێنگەی هاوپێوەندیی ڕاشکاوانەو گەرمو گوڕی حیزبو کەسایەتییە دیموکراتو مرۆڤدۆستەکان لە گەڵ حیزبی دیموکراتو گەلی کورددا.

هەروەك لە ژمارەی ڕابردووی "کوردستان"دا هاتبوو، ڕۆژی ٢٣ی ئۆکتۆبری ئەمساڵ، بۆ ڕێزگرتن لە کەسایەتیی دوکتۆر شەرەفکەندیو هەڤاڵانی لە ١٠ ساڵەی شەهید بوونیدا، ڕێورەسمێکی تایبەتی بە بەشداریی نوێنەرانی چەندین حیزبو ڕێکخراوو کۆمەڵەی گرنگی فەرانسەیی، ژمارەیەکی بەرچاو لە پارلمانتێرانو کەسایەتییە مرۆڤدۆستەکانی ئەو وڵاتەو زۆر شەخسییەتی کوردو ئێرانی لە ساڵۆنی "مارس"ی مەجلیسی میللیی فەرانسەدا بەڕێوە چوو.

دیارە هەروەك چاوەڕوان دەکرا، ١٠ ساڵەی تیرۆری دوکتۆر شەرەفکەندی، لە زۆر وڵاتو شوێنی دیکەی دنیا بوو بە بۆنەیەك بۆ لێك کۆبوونەوەی نوێنەرانی حیزبو ڕێکخراوو کۆمەڵە کوردستانیو ئێرانییەکانو دۆستانی گەلی کوردو بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە ئێراندا. ئەوان لەو بۆنەیەدا وێڕای یادکردنەوە لە کەسایەتیو خەباتو تێکۆشانی دوکتۆر شەرەفکەندیو هاوڕێیانی شەهیدی، وەفاداریی خۆیان بە ئامانجەکانی ئەوانو هاوپێوەندیی خۆیان لەگەڵ ئەو خەباتە ڕەوایە کە ڕێڕەوانی دوکتور شەرەفکەندی بۆ گەیشتن بە ئازادیو دیموکراسی درێژەی دەدەن، دووپات کردەوە. ئەو ڕێورەسمو کۆبوونەوانە، هەر لەو کاتەدا وەك دەرفەتێك بۆ دووپاتکردنەوەی پشتیوانیی هەموو بەشداران لەو خەباتو بەربەرەکانییە کە لە نێوخۆی ئێرانو لە لایەن خەڵکی ئەو وڵاتەوە بە دژی دیکتاتوریو پاوانخوازی لە گۆڕێ دایە، کەڵکی لێ وەرگیرا. یادی ١٠ ساڵەی تیرۆری دوکتۆر شەرەفکەندی لە بێرلین، ستۆکهۆڵم، پاریس، واشینگتۆن، ئوسترالیاو لە کوردستان، هەموویان بە نۆبەی خۆیان پڕ بوون لە نیشاندانی ئەو جۆرە وەفاداریو هاوپێوەندیو پشتیوانییانە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەو کۆبوونەوەیەی لە یەکێك لە ساڵۆنەکانی مەجلیسی میللیی فەرانسەدا بەو بۆنەیەوە بەڕێوە چوو، بە زۆر هۆ کە لەو وتارەدا ئیشارەیان پێدەکەین، گرنگیو بایەخێکی تایبەتی هەبوو کە جێی خۆیەتی تیشکیان بخەینە سەر.

شوێنی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکەو تەرکیبی بەشداران:

کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٣ی ئۆکتۆبر بۆ یادکردنەوە لە کارەساتی تیرۆری دوکتۆر شەرەفکەندی، لە یەکێك لە ساڵۆنەکانی مەجلیسی میللیی فەرانسە بەڕێوە چوو. ئەوەش یەکەم جار نەبوو کە پارلمانی فەرانسە ساڵۆنو تالارەکانی خۆی بۆ هاودەنگی لەگەڵ گەلی کوردو بەڕێوەچوونی بۆنەو ڕێورەسمی تایبەت بە کوردەکان دەنایە ئیختیار دۆستانی فەرانسەیی گەلی کورد. ٣ ساڵ لەمەوبەریش، ڕۆژی ١٨ی ژوئەنی ١٩٩٩ لە یەکێکی دیکە لە ساڵۆنەکانی ئەنجومەنی میللی ئەو وڵاتەدا، ڕێورەسێکی گەورە لە دەساڵەی تیرۆری ڕێبەری مەزنی گەلی کورد دوکتۆر قاسملوودا، پێك هات. لە ٣١ی مای ساڵی ٢٠٠٠یشدا لە تالاری ویکتۆر هۆگۆ ـ یەکێك لە تالارەکانی ئەو مەجلیسە، سمینارێك بە بەشداریی چەندین کەسایەتیی کوردو فەرانسەیی، کە لە لایەن نوێنەرانی حیزبی سەوزەکانی ئەو وڵاتەوە پێك هاتبوو، بەڕێوە چوو.

ئەوە کە پارلمانی فەرانسە ئیمکاناتی جۆراوجۆری خۆی دەنێتە ئیختیار دۆستانی فەرانسەیی خەباتی گەلی کوردو نوێنەرانی خەباتو تێکۆشانی ئەو گەلەو، ڕێگا دەدا لە ژێر چەتری ئەودا، کۆروکۆبوونەوەی سیاسیی گرنگی تایبەت بۆ یادکردنەوەی تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات، بەڕێوە بچێ، هەر لە خۆیدا خاوەنی مانا و پەیامێکی تایبەتییە. ئەو مانا و پەیامەش زۆر ڕوونە. مەجلیسی میللیی فەرانسە کە نوێنەرایەتیی ئیرادەو بڕیاری گەلی فەرانسەو لانکەو مەکۆی دیموکراسی لە دنیادا دەکا، لەگەڵ خەباتی ئوسوولیو دیموکراتیکی گەلی زۆرلێکراوی کوردو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دایە.

بۆ دروستیی ئەو ئیددیعایە دەتوانین پشت بە چەند ڕاستیی دیکەش ببەستین. ئەگەر نەڵێین هەموو، لانی کەم ئەو سێ کۆبوونەوەیەی لەم وتاردا ئیشارەیان پێکرا، بە هەوڵی حیزبی سەوزەکانو نوێنەرانی ئەوان لە پارلماندا، پێك هاتوونو هەموو جاریش کۆمەڵێك کەسایەتیی گرنگی فەرانسەو لە پێشەوەی هەمووان مادام میتراندو، ڕێبەرانو نوێنەرانی چەند حیزبو ڕێکخراو لە حیزبو ڕێکخراوە لەمێژینەو بە نفووزەکانی ئەو وڵاتە، تێیان دا بەشدار بوون. بەشدارانی فەرانسەیی ئەم چەند کۆڕو کۆبوونەوانە، بەکردەوە نیشانیان داوە کە لە نێو وڵاتەکەی خۆیاندا ڕێزو ئیعتیبارو نفووزی تایبەت بە خۆیان هەیەو هێندێك لەوان وەك مادام میتران، بێرنارد کۆشنێرو پیەرمۆروا لە ئاستی نێونەتەوەییدا جێگای ڕێزو ئیعتبارن. لەگەڵ ئەوانیشدا، هەموو جارێ چەندین کەسایەتیی سیاسی، فەرهەنگیو مرۆڤدۆست لە وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاواوە، دەنگی خۆیان خستۆتە پاڵ دەنگی ڕێبەرانو نوێنەرانی حیزبی دیموکراتو گەلی کورد.

هاوپێوەندیی گەرمو گوڕ، پشتیوانیی ڕاشکاوانە بە جوانترین وشەکانەوە:

زۆر لەو وتارانەی دۆستانی فەرانسەییو ڕۆژئاوایی لە ڕێورەسمەکانی پێوەندیدار بە گەلی کوردو حیزبی دیموکراتدا، پێشکێشیان کردوون، کاتی خۆی هەر لە ڕێگای ئەم ڕۆژنامەیەوە خراونەتە پێش چاوی خوێنەران. لە ژمارەی ڕابردووی "کوردستان"یشدا بەشێکی زۆر لەو وتارانەی ڕۆژی ٢٣ی ئۆکتۆبری ئەمساڵ لە ڕێورەسمی یادکردنەوەی تیرۆری دوکتۆر شەرەفکەندیدا لە پاریس پێشکێش کرابوون، بڵاوبوونەوە. ورد بوونەوە لە نێوەڕۆکی قسەکانی ئەو دۆستانەی گەلی کوردو حیزبی دیموکرات، هەر لەو کاتەدا کە دەبنە هۆی پێکهاتنی هەستی ئەمەگناسیو پێزانین لە هەر کوردێکو ئێرانییەکی خەباتگێڕو ئازادیخوازدا، ڕۆڵەکانی حیزبی دیموکراتو گەلی کورد بە بۆنەی هەبوونی حیزبێك بەو هەموو ڕێزو نفووزەوە تووشی جۆرێك بەخۆنازینو شانازی کردن بە خۆوە دەکەن. با لە چەند بواردا هەڵوێستەیەك لەو پەیامو وتارانەدا بکەین کە لە چەند کۆبوونەوەی پێك هاتوو لە پارلمانی فەرانسەدا پێشکێش کراون:

لە پێوەندی لەگەڵ حیزبی دیموکراتو ڕێبەرانی شەهیدیدا

لە ڕوانگەی حیزبو کەسایەتییە دیموکراتو مرۆڤدۆستەکانی فەرانسەو ڕۆژئاواوە، حیزبی دیموکرات سیمبۆلی خەباتێکی سەخت، ڕەوا، ئوسوولیو ئینسانییە کە سەرەڕای بڕوا هەبوونی بە چارەسەری ئاشتیخوازانەی کێشەی کوردو فیداکردنی گەورەترینو بەوەجترین ڕێبەرانو تێکۆشەرانی لەو ڕێگایەدا، لەنێوخۆی وڵاتەکەیدا هەروا لەگەڵ پەلامارو سەرکوتی خوێناویی دەسەڵاتداران بەرەوڕوویە. لە دەرەوەی وڵاتیش، لە ئورووپا، ڕێبەرانی لە تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی لە ئەماندا نین. دەوڵەتانی ئورووپاییش، ئەگەرچی چەند جار شاهیدی هێرشو جینایەتەکانی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی لە دژی ئەو حیزبە بوون، لەبەر قازانجپەرستی، بەرپرسایەتییە سیاسییەکانی خۆیان لەو پێوەندییەدا لەبیر بردۆتەوە. بەو حاڵەش حیزبی دیموکرات هەروا لە مەیدان دایەو هیوادار بە داهاتووی خەباتی خەڵکی سەرانسەری ئێرانو دڵگەرم بە هاوپێوەندیی حیزبو ڕێکخراوو کەسایەتیی دیموکراتو مرۆڤدۆستەکانو بیروڕای گشتیو ویژدانی ئاگای دنیای پێشکەوتوو، درێژە بە تێکۆشانی خۆی دەدا. بڕواننە ئەم ڕستانە:

"دوکتۆر قاسملوو! . . . لە بارەی دروشمی "دیموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان"یش دەبێ بڵێم دیموکراسی لە ئێراندا کە یەکێك لە ئارەزووەکانت بوو، هێشتا نەهاتۆتە دی، بەڵام خەباتی تۆ لە پێناوی جێگیر بوونی دیموکراسی، کۆتایی پێنەهاتوە. چونکە حیزبەکەت، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەروا درێژە بە خەبات دەداو لە نەبوونی خۆتدا ڕێڕەوانو خەباتگێڕانی دیکە درێژە بە ڕێگاکەت دەدەن. بۆیە گومانی تێدا نیە کە درەنگ یا زوو ئامانجەکانت دێنە دی".

دوکتۆر بێرنارد کۆشنێر، لە ڕێورەسمی ١٠ ساڵەی تیرۆری دوکتۆر قاسملوودا، پاریس

✧✧✧

"من بە بیرکردنەوە لە عەبدولڕەحمان قاسملوو کە بۆ ئێمە قوتبێك بوو، هاتوومە سەر ئەو باوەڕە کە کەسێکی ئەوتۆ پێویستە تا ئێمە ناچار بە بیرکردنەوە بکا. دیارە لەو بوارەدا من لە فرانسوا [میتران]یش سەرمەشق وەردەگرم. بەڵێ بە سەر مەشق وەرگرتن لەم جۆرە کەسانەو ڕێنوێنی وەرگرتن لەبیرو ئەندیشەی ئەوانە کە ئینسان دەتوانێ لێپڕاوانەو قورسو قایمو بە توانایی‌یەوە هەنگاو هەڵ بگرێو سیاسەتی ئاشتی لە نێو گەلانی هاوپشتو هاوپێوەند دا بەرەو پێبدا".

مادام میتران لە مەراسمی دەساڵەی دوکتۆر قاسملوودا ـ پاریس

✧✧✧

"دوکتۆر قاسملوو، ڕێزێکی یەکجار زۆری لای دیموکراتەکانی سەرانسەری جیهان بە تایبەتی سوسیال دیموکراتەکان هەبوو، ئەو سیمبۆلی خەبات لە ڕێگای ئازادیو دیموکراسیو دادپەروەری بۆ زۆرلێکراوان بوو، بە ناوی خۆمو بە ناوی ئەنتێرناسیونالی سوسیالیستو ١٤١ ڕێکخراوی ئەندامەوە، بەیادی ئەو سەری ڕێز دادەنوێنم. لەگەڵ ئەوەشدا وەبیر دێنمەوە کە بە مردنی ئەو، خەباتەکەی لەنێو نەچووەو هەتا گەیشتن بە دیموکراسییەکی ڕاستەقینە کە مافی ئینسانەکان بە تەواوی ڕەچاو بکا، درێژەی هەیەو درێژەی دەبێ".

پێڕەو مۆروا، سەرۆکی ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست
پەیام بەبۆنەی ١٠ ساڵەی تیرۆری دوکتۆر قاسملوو

✧✧✧

"حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە بۆ دیموکراسی لە ئێرانو ئازادیی گەلی کورد خەباتی کردوە. شەهیدان قازی محەمەد، عەبدولڕەحمان قاسملوو، سادق شەرەفکەندی بە خۆڕایی تێدا نەچوون. ئەوان وەك خەباتگێڕانی ڕێی مافەکانی مرۆڤ لە زەینی عالەمدا دەمێننەوە، سەوزەکان سڵاو بۆ یادی وان دەنێرنو پەیامی هیوادارییو پشتیوانیی خۆیان ئاراستەی جێنشینەکەی وان، سکرتێری گشتیی حیزبەکەتان عەبدوڵڵا حەسەنزادە کە لێرەیە، دەکەن. عەبدولڕەحمانی قاسملوو! محەمەد سادق شەرەفکەندی! ئێمە قەت ئێوەمان لەبیر ناچێتەوە".

پاتریك فاریباز بەرپرسی کۆمیسیۆنی نێونەتەوەیی حیزبی سەوزەکانی فەرانسە، ڕێورەسمی دەساڵەی تیرۆری دوکتۆر شەرفکەندی ـ پاریس

✧✧✧

" لەو هەلومەرجەدا بۆ ئێمە هیچ سەیر نیە کە دەبینین ئەوە حیزبی دیموکراتی کوردستانە کە هەر وا بوێرانە نوێنگەی هیواو ئامانجی داهاتوویەکی سیاسییە کە لەودا مافەکانی مرۆڤ، دیموکراسی، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی وەدی دێن. ئێمە دەزانین کە ئەو خەباتەتان چەندە سەختە . . . لەو خەباتەدا ئێمەتان لە گەڵێو زۆر وشیارانەش لەگەڵتانین . . . خەڵکی ئێرانو گەلی کورد بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانیانو بۆ گۆرانکاریی ڕاستەقینەو بەردەوام پێویستی‌یەکی زۆر گەورەیان بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەبیرو باوەڕو بایەخەکانی ئەو حیزبەو بە تێکۆشانی بێوچانی ئەو حیزبە هەیە".

لە وتاری ئاغای ژاك فات سکرتێری کومیسیۆنی پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکانی حیزبی کومونیستی فەرانسە، ڕێورەسمی ١٠ ساڵەی تیرۆری دوکتۆر شەرەفکەندی لە پاریس

✧✧✧

درێژەی هەیە

هەواڵەکانی ئێران و جیهان

ئامادەکردنی: شۆرش

دەستبەسەر بوونی ٢٠٠ خویندکار لە تاران

هەزاران خویندکار لە ماوەی حەوتووی رابردوودا بە نیشانەی ئیعتراز بە حوکمی ئیعدامی هاشم ئاغاجەری کلاسی وانەکانیان بەجێ هیشتو خۆ پیشاندانیکی بەرینیان لە کوی زانستگەی تاران و زانستگەکانی دیکەی شارەکانی ئیران وەرێ خست. خویندکارە نارازییەکان لە شارەکانی تاران، کرمان، ورمێ هەمەدان، ئیسفەهان، شیراز، بابول و . . . ویرای مەحکووم کردنی رەفتاری دەزگای قەزایی ریژیم، دروشمی توندیان دژی نیزام، ویلایەتی فەقیە، شەخسی خامنەیی، رەفسەنجانی و شاهروودی بەرز کردەوە.

لەو پیوەندییەدا ناوەندی پیوەندییە گشتییەکانی کومیتەی خویندکاری پشتیوانی لە زیندانییە سیاسییەکان رای گەیاند کە تەنیا لە ئاکامی خۆپیشاندانە ئیعترازییەکانی خویندکارانی تاران لە رۆژی چوارشەمە ٢٢ی خەزەلوەردا پتر لە ٢٠٠ خویندکار دەستبەسەرو رەوانەی زیندانی "اوین" کراون.

پشتیوانیی بن لادەن لە هیرشە تیرۆریستییەکانی ئەم دوایانە لە جیهاندا

ئۆسامە بن لادەن لە پەیامیکدا کە لە تەلەویزیۆنی "ئەلجەزیرە"وە بڵاوبووەوە، پشتیوانیی خۆی لە هیرشە تیرۆریستییەکانی ئەو دوایانەی دژ بە بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا دەربری. لەو پەیامەدا "بن لادەن" ویرای ئەوەی پشتیوانیی خۆی لە هیرشەکانی "بالی"، "یەمەن"و "بارمتەگیری لە تەلاری شانۆی مۆسکو"دا دەردەبڕێ، هیرش دەکاتە سەر وڵاتە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا. ماوەیەك لەوە پیش پلانی "ئەلقاعیدە" بۆ تیرۆری پاپ ژان پۆلی دووهەم ریبەری کاتولیکەکانی جیهان لە فیلیپین پووچەڵ کرایەوە.

پشتیوانیی لیبراوانەی خەلکی ئەمریکا لە جۆرج بووش

لە ئاکامی هەلبژاردنەکانی پارلمان، مەجلیسی سەناو فەرمانداریەکانی ئەیالەتی لە ئامریکا، حیزبی کۆماریخوازی ئامریکا بە ریبەرایەتیی جۆرج بووش توانی سەرکەوتنیکی بەرچاو بە دەست بینێ. کۆماریخوازان ئیستا جگە لە سەرۆك کۆماریی ئامریکا خاوەنی زۆرینەی مەجلیسی "سەنا"شن. ناکامیی حیزبی دیموکرات بۆ پاراستنی زۆرایەتیی مەجلیسی "سەنا"بە شکستیکی گەورە بۆ ئەو حیزبە دەژمێردرێ. ئیستا مەیدان بۆ جۆرج بووش ئاوەڵایە تا بیهەوێ لە دەسەڵاتی خۆی بە سەر کۆنگرەی ئامریکادا بۆ پەسندکردنو جیبەجێ کردنی بەرنامەو بریارەکانی کەلك وەرگرێ.

ئیران یارمەتیی مالیی بنەماڵە خۆکوژەکانی فەلەستین دەدا

بەریوەبەری گشتیی کاروباری نیونەتەوەیی بنیاتی بەناو شەهیدی کۆماری ئیسلامی رای‌گەیاند کە پتر لە ٣٠٠ بنەماڵەی فەلەستینی لە ژیر مەترسی پشتیوانییو یارمەتیی بەردەوامی مالیو دەرمانیی ئەو بنیاتە دان. ئەو یارمەتییانە لە ریگای دەفتەری بەناو بنیاتی شەهیدی لوبنانو فەلەستینەوە [کە لە لایەن ئیرانەوە دامەزراونو هەر لەویش را پیشتوانی دەکرین] بە بنەماڵەی خۆکوژەکانی شەری ئیسرائیلو فەلەستین دەدرین. ئەو یارمەتییانە تەنیا بەشیك لە پشتیوانیی کۆماری ئیسلامی لە ریکخراوە بناژۆکانی فەلەستینییە. سالی پیشوو ئەرتەشی ئیسرائیل دەستی بە سەر کەشتیی کارینادا گرت کە ٥٠ تۆن چەکی دروست کراوی ئیرانی بۆ ریکخراوە فەلەستینییەکان دەگواستەوە.

ئیعدامی زیندانییەکی سیاسی لە بەلووچستان

سەرچاوە هەواڵنیرییەکان باس لە ئیعدامی زیندانییەکی سیاسی لە شاری "چابەهار" دەکەن. بە پیی ئەو هەواڵانە "موحەممەد عەلی ئابراوان" کە ویرای ٤٠٠ کەسی دیکە لە ئاکامی خۆپیشاندانەکەی ئەو دوایانەی شاری "کنارك"دا دەستبەسەر کرابوو، دوای دوو مانگ لیدانو ئەشکەنجە لە بنکەی ئیتلاعاتی چابەهار بە هۆی لیدانی دەرزی هەوا ئیعدام کرا. ناوبراو کە بە ریکخستنو ریبەری کردنی خۆپیشاندانەکەی "کنارك" تاوانبار کرابوو، مانگی پیشوو مەحکووم بە ئیعدام کرا. پیشتر ریژیمی کۆماری ئیسلامی هەولی دابوو "موحەممەد عەلی ئابراوان" بە جیی ئەفسەریکی سوپای پاسداران کە دەستدریژی کردبووە سەر کچۆلەیەکی هەشت ساڵان، بە تاوانی دوژمنایەتیی خوداو "مفسد فی الارض" ئیعدام بکا. بەڵام بەهۆی وشیاریی خەلکی ئەو پیلانەی ریژیم پووچەڵ کرایەوە. بەڵام موحەممەد عەلی ئابراوان هەر ئیعدام کراو رۆژی هەینی ١٠ی خەزەلوەر تەرمەکەی درایەوە بە بنەماڵەکەی.

پیکهاتنی شازدەیەمین کۆنگرەی حیزبی کومونیستی چین

رۆژی ١٨ی خەزەلوەر شازدەیەمین کۆنگرەی حیزبی کۆمونیستی چین بەسترا. ئەو کۆنگرەیە بە گرینگترین کۆنگرەی حیزب دەژمێردرێ کە لەودا "جیانگ زیمین" ریبەری حیزبی کۆمونیست داوای لە ئەندامانی حیزبەکەی کرد تا ریگا بە ئەندامەتیی سەرمایەدارەکانو تیکۆشانی تیجاریو بازەرگانیی ئەوان لە چوارچێوەی حیزبی کۆمونیستو وڵاتی چیندا بدەن. ئەو هەلویستەی حیزبی کۆمونیستی چین بە گۆرانکاریەکی بنەرەتی لە بواری ئیدئولوژیکی ئەو حیزبە دادەندرێ.

ئامریکای ملهور پیی وایە دنیا هی ئەوە

لە رۆژی ١٣ی خەزەلوەر، بیستو سیهەمین سالرۆژی دەست بە سەرداگرتنی بالویزخانەی ئامریکا لە تاران و هەروەها هاوکات لەگەڵ دەستبەسەر کردنی عەبباسی عەبدی ریبەری خویندکارانی پیرەوی خەتی ئیمام، خامنەیی کردەوەی بارمتەگیری لە بالویزخانەی ئامریکای بە کردەوەیەکی پیرۆزو موقەدەس ناو برد. ریبەری ریژیم لە قسەکانی خۆیدا ئامریکای بە وڵاتیکی داگیرکەرو شەرانی ناوبردو وتی: "ئامریکای ملهور پیی وایە دنیا مولکی ئەوە، دەیهەوێ بە هەرەشەو گورەشەو هیرشی نیزامی هەموو نەتەوەکان چاوترسین بکاو سیاسەتەکانی خۆی بە زۆر بە سەر ئەوان دا بسەپێنێ".

چارەنووسی خاتەمییش لە چارەنووسی بەنی‌سەدر باشتر نابێ

لە دریژەی ناکۆکی دوو قولی نیو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، رۆژنامەی "کیهان"، خاتەمی لەگەڵ هیتلیردا بەراورد کرد. سەروتار نووسی ئەو رۆژنامەیە، خاتەمی بە عامیلی سەرهەلدانی زۆر کیشەی بێ چارەسەر بۆ حکوومەتی ئیسلامی ناوبردو نووسی: "ئەوە زۆر گرینگ نیە کە سەرۆك کۆمار هەڵ بژیردراوی زۆرینەی خەلکی ئیرانە، هیتلیریش هەڵ بژیردراوی زۆرینەی خەلك بووو جگە لەوەش خۆشەویستی لە رادەبەدەریشی هەموو خەلکی جیهانی سەر سام کرد بوو". ناوبراو لە دریژەی هیرشەکەیدا زۆر راشکاوانە دەنووسی: "جاشکی چاکسازی دوای ئەو هەموو ماوەیە مشکی لی بۆتەوەو لە مەنجەلی چاکسازی دا ئاشی جودایی دینو سیاسەتیان وەسەر ناوە بەڵام چاکسازی ئەورۆ کەلاکیکی بۆگەنە". "کیهان" هەروەها رای گەیاند زۆری نەماوە خاتەمییش بە دەردی بەنی‌سەدر بچێ، چونکە ئەویش خۆی بە ٧٠٪ دەنگی خەلکەوە رادەنا.

بوونی سەد هەزار زیندانیی زیاتر لە زەرفییەتی زیندانەکانی ریژیم

سەرۆکی ریکخراوی زیندانەکانی ئیران وتی: زیندانەکانی ئیران هەر ئیستا پتر لە سەد هەزار زیندانیی زیاتر لە زەرفییەتیان لە خۆدا جێ کردۆتەوە. ناوبراو دەڵێ لە ساڵەکانی دوای شۆرشدا کەس بیری ئەوەی نەدەکردەوە دەستە وەستان بمینینەوە. "مورتەزا بەختیاری" هەروەها وتی؛ ئەگەر بە دوای سەرکەوتنی شۆرشدا دەستمان بە دروست کردنی زیندان کردبا، ئەورۆ ئەوەندە دامەو نەدەبووین.

پیوەندیی بازرگانی لەگەڵ ئیراندا مەحکوومە

بە دوای ئەوەی یەکیەتیی ئورووپا وتوویژی بازرگانی لەگەڵ حکوومەتی ئیران بۆ ماوەی چەند حەوتوو وەدوا خستەوە، نیل ناك، سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئورووپا، حکوومەتی ئیسلامیی ئیرانی بە پیشیل کردنی بەردەوامی مافی مرۆڤ تاوانبار کردو وتی هەر جۆرە وتوویژیکی مالیو ساتو سەودای بازرگانی لەگەڵ ئیران بە مەحکووم دەزانێ. ناوبراو وتی: بەلگەی زۆر بۆ سەلماندنی کردەوە دژی ئینسانییەکانی حکوومەتی ئیسلامی ئیران لە دەست دان. بەرپرسی پایە بەرزی یەکیەتیی ئورووپا ئیعدامی زیندانییە سیاسییەکان، سووکایەتیو کردەوەی دژی ئینسانیو بی‌بەزەییانە وەك بەرد بارانو . . . پیشیل کرانی مافی مرۆڤو ئازادیی بیرورا دەربرینو داتەپاندنی ئیستاندارد شارستانییەکانی ئیرانی بە بەشیك لە کارنامەی حکوومەتی ئیستای ئیران دانا.

ئیران ٢٣ میلیارد دۆلار قەرزدارە

سەرۆکی گشتیی بانکی ناوەندی ئیران رای‌گەیاند کە حکوومەتی ئیران سەرەرای ئەو داهاتە زۆرەی کە لە فرۆشی نەوتەوە وەچنگی دینێ، هیشتا زیاتر لە ٢٣ میلیارد دۆلار قەرزدارە. نووربەخش لە دریژەی راپۆرتەکەیدا دەنووسێ کە رادەی قەرزی دەرەوەی ئیران لە چاو ساڵی پیشوو ١٥٪ چۆتە سەری. ئەوە لە حالیك دایە کە زۆر سەرچاوەی باوەرپیکراوی بیانی قەرزەکانی ئیران زیاتر لە ٤٠ میلیارد دۆلار مەزەندە دەکەن.

سناریۆی نویی دەزگای قەزایی ریژیم

دوای ماوەیەك بە سەر زیندانی کردنی بیهروزی گرانپایەو حەسەن قازییان، بەریوەبەرانی ناوەندەکانی بیرورا پرسی، دەرکەوتوە کە ئەو دوو کەسە بە پیچەوانەی ئیدیعای دەزگای قەزایی لە زیندانی "اوین"دا نینو لە شوینیکی نادیار بۆ وەرگرتنی ئیعترافو ئامادەکاری فیلمی ئیعتراف لە ژیر ئەشکەنجەدان. شایانی باسە کە پیلانەکانی پیشووی ریژیم بۆ وەرگرتنی ئیعتراف لە "فرج سرکوهی"و "سیامك پورزند" لە نیو بیروری گشتییدا بەپیچەوانە شکانەوە. بۆیە ئەو چاوەروانییە ناکرێ ریژیم لەو پیلانەشدا سەرکەوێ.

شەرو تیکهەلچوونی چەکدارانە لە "تربت جام"دا

لە ئاکامی شەرو تیکهەلچوونی دەستەیەکی چەکدار لەگەڵ هیزەکانی سوپاو ئینتیزامیی ریژیمدا کە حەوتووی رابردوو لە شاری "تربت جام"دا رووی دا ٥ کەس لە هیزەکانی ریژیمو ٦ چەکداری نەناسراو کوژراونو ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون. "رادیۆی ئیران" ویرای تەئییدی ئەو هەواڵە، چەکدارە نەناسراوەکانی بە پیی هەوالی رەسمی بە "اشرار" ناو برد.

بە دوای عیراقدا نۆرەی ئیرانیش دەگا

سەرۆك وەزیری ئیسرائیل لە وتوویژ لەگەڵ رۆژنامەی "تایمز"دا وتی: رۆژی دوای کۆتایی شەر دژی عیراق دەبێ هیرش بکریتە سەر ئیران؛ چونکە تاران ناوەندی تیرۆریسمی نیونەتەوەییە. ناوبراو لە دریژەی قسەکانیدا وتی: هیچ گومانیك لەوەدا نیە کە ئیران وەك یەکیك لە وڵاتانی "تەوەری شەرو ئاژاوە" دەبێ لەغاو بکرێ. حکوومەتی ئیران هەولیکی زۆر بۆ دەست پێراگەیشتن بە چەکە کۆمەڵ کوژەکان دەداو لە هەولی بەرهەم هینانی موشەکەکانی "شهاب ٤"و "شهاب ٥" بە بوردی زیاتر لە ١٣٠٠ کیلومیتر دایە.

خۆکوشتنی پەنابەریکی ئیرانی لە تورکیە

ناوەندی زیندانیانی سیاسی (لە تاراوگە) راپۆرتیکی لە سەر خۆکوشتنی پەنابەریکی ئیرانی بڵاوکردۆتەوە. بە پیی ئەو راپۆرتە "کامران فرمانده" بۆ نیشاندانی نارەزایەتی بە کەمتەر خەمیی کۆمیساریای بەرزی پەنابەرانی سەر بە ریکخراوی نەتەوەییەکگرتووەکان بۆ راگەیشتن بە پەروەندەکەیدا هەولی خۆ کوشتنی داوە.

دیداری نوینەرانی مەجلیس لەگەڵ ژنانی لەشفرۆش

هیزی ئینتیزامیی ریژیم لە تاران ئوردووگایەکی تایبەتی بۆ ژنانی لەشفرۆش دامەزراندوە. حەوتووی رابردوو ٥ نوینەری ژنی مەجلیس سەردانی ئەو ئوردووگایەیان کردو چاویان بە ١٠ ژنی لەشفرۆش کەوت. لەو چاوپیکەوتنەدا زۆربەی هەرە زۆری ئەو ژنانە کیشەی نەداریو فەقری مالییان وەك هۆکاری سەرەکیی پەنابردن بۆ لەشفرۆشی ناوبرد. کاتیك یەکیك لە نوینەران لیی پرسین: ئەی بۆ خۆتان بە کومیتەی ئیمداد ناناسینن؟ وەڵامیان دایەوە کە "کومیتەی ئیمداد" مانگانە ٨٠٠٠ تمەن یارمەتییان دەدا. کێ بەوەندە بەرێ دەچێ.

پیویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە "کومیتەی ئیمداد" ساڵانە بە دەیان میلیارد تمەن هەر بۆ ئەو کارانە بۆدجە وەردەگرێ.

چارەنووسی ٧٠ میلیون ئیرانی بە دەست ٢٠ کەسەوەیە

قسەکانی وەزیری پیشووی وەزارەتی ئیتلاعاتی ئیران لە نویژی هەینی شاری "رەی" خەلکی ئیرانی راچلەکاند. هەر چەند قسەکانی "دوریی نەجەف ئابادی" لە نیوان هەڵاوهەنگامەی بیکاری، گرانی، گەڵالە جمکەکانی خاتەمیو هیرشی ئامریکا بۆ عیراق تا رادەیەك بزر بوون، بەڵام دنیایەك هەقیقەتی تالیان تێدا بوو. ناوبراو وتی: "شەرە دەسەڵاتی ٢٠ نەفەر لە سەر ٧٠ میلیۆن نەفەر قەیران دروست دەکا". لە قسەکانی ئاغای نەجەف ئابادی را وا دەردەکەوێ کە قەزاو قەدەرو چارەنووسی ئیران بە دەست ٢٠ کەسە. خۆزگە ناوبراو ناوی ئەو ٢٠ کەسەشی دەهینا!

رۆژنامەی ١٨ میلیۆن دۆلاری

رۆژنامەکان باس لە تەرخان کردنی بوودجەیەکی سەرسورهینەر بۆ رۆژنامەی "جام جم" سەر بە قۆلی پاوانخوازی ریژیم دەکەن. هەر لە ساڵی رابردوودا نزیك ١٨ میلیۆن دۆلار لە بوودجەی دەنگو رەنگی کۆماری ئیسلامی بۆ رۆژنامەی "جام جم" تەرخان کراوە. ئەوەش جگە لەو داهاتەیە کە رۆژنامەکە هەیەتیو ئەو سۆبسیدەیە کە دەولەت دەیداتێ.

خۆکوشتنی دوو کچی تەوریزی بەهۆی بڵاوبوونەوەی فیلمی میوانییەك

بە دوای بڵاوبوونەوەی فیلمیکی ویدیویی و سی‌دی لە میوانییەك لە تەوریزدا دوو کچی بەشدار لەو میوانییەدا خۆیان کوشت. هاوینی رابردووو نزیك بە ٢٠ کچی دەبیرستانی بە بۆنەی کۆتایی هاتنی ساڵی خویندن میوانی یەك ریك دەخەنو لەوێدا شادی دەکەنو فیلمیکیش بۆ یادگاری لەو کۆرە هەڵدەگرنەوە. بەڵام فیلمەکە بە شیوەیەکی بەربڵاو لە زۆربەی شارەکانی دەوروبەری تەوریز بڵاو دەبیتەوە. لە ئاکامدا دوو لەو کچانەی کە لەو ئاهەنگەدا بەشدار دەبن لە بەر تانەو تەشەرو عەیبە خۆیان دەکوژن.

زیاتر لە سێ میلیۆن کەس لە ئیران موعتادن

بە پیی ئاماری رەسمی، زیاتر لە سێ میلیۆن کەس لە حەشیمەتی ئیران موعتادنو لەوانەش ٣٥٠ هەزار کەس هیرۆئین بە کار دینن. هەروەها سەد هەزار زیندانیش لە پیوەندی لەگەڵ مەوادی موخەدیردا گیراون. لە ماوەی دەسەڵاتی ٢٤ ساڵەی ئاخوندەکان بە سەر ئیراندا، ٥ میلیۆنو دوو سەد هەزار کەس لە حەشیمەتی ئیران لە پیوەندی لەگەڵ مەوادی موخەدیر زیندانی کراونو ٢/٢ میلیۆن کیلۆ مەوادی موخەددیریش دەستی بەسەردا گیراوە، بەڵام ئیعتیادو قاچاغی مەوادی موخەددیر لە ئیران رۆژ بە رۆژ زیاتر پەرە دەستینێ.

دەست لە کار کیشانەوەی ٢٠ کەس لە بەریوەبەرانی زانستگەی علوومی ئینسانیی زانکۆی تەربیەت موودەریس

٢٠ کەس لە کۆی ٢٢ ئەندامی بەریوەبەرایەتیی زانکۆی علوومی ئینسانی زانستگای تەربیەت موودەریس لە ئیعتراز بە حوکمی ئیعدامی هاشم ئاغاجەری دەستیان لە کار کیشاوەتەوە. ئەوان لە نامەیەك بۆ سەرۆکی زانکۆ ویرای ئاماژە بە دەست لە کار کیشانەوەیان لە ئیعتراز بە حوکمی دەزگای قەزایی دژی ئاغاجەری نووسیویانە: "بە دوای دەرچوونی ئەو حوکمەدا ئیمە ئەمنییەتی گیانیمان لە دەست داوەو هەر بۆیە ناتوانین لەو فەزایەدا ئەرکی خۆمان بەجێ بگەیەنینو هەر بۆیەش دەست لە کار دەکیشینەوە".

کۆبوونەوەی پارتی لیبراسیۆنی بریتانیا لە سەر کیشەی کورد لە پارلمانی ئەو وڵاتەدا

بریتانیا

رۆژی سێشەممە ١٥ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٢ حیزبی لیبراسیۆنی بریتانیا کۆبوونەوەیەکی بە سەرۆکایەتی بەریز ستان نیوونز (StanNewens) ریبەری حیزبی لیبراسیۆنو بە هاوریّیەتیی بەریزان جیرمی کوربین (Jeremy corbyn)، نوینەری پارلمانو ئەندامی گرووپی لیبراسیونو بەریز لۆری (lord rea) لە ژیر ناوی "مەترسیی شەرو داهاتووی کوردەکان" لە پارلمانی ئەو وڵاتەدا پیك هینا. لەو کۆبوونەوەیەدا نوینەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیرانو هەروەها یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، کۆنگرەی نەتەوایەتیی کوردستانو پارتی (DEHP) بەشدار بوون.

لە ئاکامی لیدوانو باسووتوویژیکی زۆری لایەنەکانی بەشدار لەو کۆبوونەوەیەدا کۆمەلە پیشنیاریك پەسند کران تا پیشکەشی سەرۆك وەزیری بریتانیا، وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا، ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، ریکخراوی ئەنتیرناسیونال سوسیالیستو پارلمانی ئورووپا بکرین.

ئەوەی خوارەوەش دەقی بریارنامەی پەسندکراو لەو کۆبوونەوەیە دایە:

١ـ تەئیدی دووبارەی ئەو پیشنیارانەی کە کۆنفرانسی ئازادی لە بارەی کیشەی کوردانەوە، لە ریکەوتەکانی چواردەی دیسامبری ١٩٩٩، لە هەڤدەی نوامبری ٢٠٠١و ١٥ی ژانویەی ٢٠٠٢دا کران.

٢ـ هاودەنگی لە سەر پێداگرتنی دووبارە لە سەر دانیشتنی وەزارەتی کاروباری دەرەوە لەگەڵ هەیئەتیکی نوینەرایەتیی کوردان.

٣ـ پشتیوانی کردن لە دوکتور رووودی ویز (نوینەری پارلمان) بۆ هینانە گۆری کیشەی کوردەکان لە شوورای ئورووپادا، کە بۆخۆیان راپۆرتیان لەسەر ئامادە کردوە.

٤ـ هاودەنگی لەسەر ناردنی نامەیەکی پیرۆزبایی بۆ پارلمانی کوردستانی عیراق.

٥ـ هاودەنگی لەسەر ناردنی نامەیەکی پیرۆزبایی بۆ دەهاپ (DEHAP) کە جیگای هادەپی گرتۆتەوە، بە بۆنەی هەلبژاردنی نوینەرانی مەجلیسی تورکیە لە نوامبری ٢٠٠٢دا.

٦ـ داوای لیخۆشبوون بۆ سەرجەم زیندانیی سیاسیی کوردەکانی ئیران، عیراق، سووریە، تورکیەو هەروەها راگرتنی خیرای ئیعدامی زیندانییە کوردەکان لە ئیرانو شوینەکانی دی دا. دەبێ نامەیەکی نارەزایەتی بۆ دەولەتی ئیران بنیردرێ تا ئەشکەنجەو زیندانی ئەندامانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران راگرێ.

٧ـ داوای ئەوە بکرێ کە لەگەڵ تیکرای هیزەکانی ئوپۆزیسیۆنو لەوانەش ریکخراوە کوردەکان، راویژ بکرێو ریگا بدەن کە ئەوان لە وتوویژو بریارگەلی پیوەندیدار بە داهاتووی عیراقەوە بەشدار بن.

٨ـ داخوازی بۆ ناردنی لیکۆلەرانی مافی مرۆڤو هەروەها لیکۆلەرانی چەکوچۆڵ بۆ عیراق، لە ژیر چاوەدیری ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان [بیتە گۆرێ].

٩ـ داوای ئەوە کراوە کە دەستی دەولەتی تورکیەو ئەرتەشەکەی لە هینانە سەرکاری دەولەتی داهاتووی عیراق کورت بکریتەوە.

١٠ـ بەرەنگار بوونەوەی هەرچەشنە سیاسەتیکی قەلاچۆی رەگەزی دژی میللەتی کوردو بە عەربکردنی ناوچەکورد نشینەکان، بە تایبەت لە عیراقدا.

١١ـ داوا کراوە کە هەرجۆرە دەستیوەردانیك لە کاروباری عیراقدا دەبێ بە گویرەی یاسا نیونەتەوەییەکان بێو هەروەها لە بریارەکانی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بگونجێ.

١٢ـ ریککەوتن لە سەر پیکهاتنی کۆبوونەوەیەك لە ژیر چاوەدیری "کۆنفرانسی ئازادی" لە ئاوریلی ٢٠٠٣دا.

بەشداری هەیئەتیکی حیزب لە کۆنگرەی حیزبی "کار"ی نۆرویژدا

پەنجاو هەشتەمین کۆنگرەی حیزبی "کار"ی نۆرویژ لە رۆژەکانی ٨،٩و١٠ی نوامبری ٢٠٠٢دا لە سالۆنی (Sam funs hus) لەشاری ئۆسلۆ بەریوە چوو.

هەیئەتیکی حیزبی دیموکرات پیکهاتوو لە هاورییان کاك خالید عەزیزیو کاك ئەحمەد جەهانگیری لەسەر بانگهیشتنی رەسمیی حیزبی "کار"ی ئەو وڵاتە ویرای ١١ هەیئەتی وڵاتانی ئەندامی (S.I) ئەنتیرناسیونالی سوسیالیست لەو کۆنگرەیەدا بەشدار بوو.

لە پەراویزی کونگرەکەدا، رۆژی شەممە ٩ی نوامبر سیناریك بۆ میوانە بیانییەکان لە ژیر ناوی "دیموکراسیو راپۆرتی بەرەوپیشچوونی مافی مرۆڤ لە سالی ٢٠٠٢" بەریوە چوو.

لەو سیناریودا، هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران باسیکی لەسەر پیویستیی پەرەسەندنو سەقامگیریی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی نیوەراست، نەخشی راستەوخۆی نەتەوە یەکگرتووەکان لەو وڵاتانەی دیموکراسییان تێدا نیە، هەولدان بۆ بەریوەچوونی بریارەکانی کۆنوانسیۆنی مافی مرۆڤو ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، هاندانی دامەزراوو ریکخراوو بنیاتە تایبەتییەکان بۆ لیکدانەوە لەسەر جیگیرکردنی دیموکراسیو لەبەرچاو گرتنی مافی مرۆڤ بە تایبەت لە ئیرانداو . . . هینایە گۆرێ کە لە لایەن بەشدارانی سیناریەکەوە خرایە بەر باسو لیدوان.

✧✧✧

دیداری هەیئەتیکی حیزب لەگەڵ هەیئەتیکی حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆرویژ

رۆژی سێشەممە ریکەوتی ٢٠٠٢/١١/١٢ هەیئەتیکی حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆرویژ (SV) پیکهاتوو لە ژمارەیەك لە ئەندامانی ریبەرایەتیی، بەرپرسی یەکیەتیی ژنان، بەرپرسی یەکیەتیی لاوانو بەرپرسی ئورگانە فەرهەنگییەکانی ئەو حیزبە سەردانی دەفتەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لەو وڵاتەیان کردو لە لایەن کومیتەی حیزب، نوینەرانی یەکیەتیی ژنانو یەکیەتیی لاوانو بەرپرسی ئورگانە کلتووریەکانی حیزبی دیموکرات لە نۆرویژ پیشوازییان لی کرا.

دانمارك

دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دیموکرات

بەدوای کۆنفرانسی بەرینی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە ئورووپاو بانگەوازی ئەم ریکخراوەیە لەبارەی ریکخستنو پیکهینانی یەکیەتیی لاوان لە وڵاتانی نیوخۆی ئورووپادا بە هەوڵو تیکۆشانی هاورییانی کومیتەی حیزب لە دانمارکو یەکیەتیی لاوانی دیموکرات لە ئورووپا رۆژی شەممە ٢٠٠٢/١١/٢ یەکەمین کۆبوونەوەی بەرینی لاوانی دیموکرات لە شاری گراڤ (Grave)ی وڵاتی دانمارك بەریوە چوو.

کۆبوونەوەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب"و دەقیقەیەك بیدەنگی بۆ ریزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی حیزبو گەل دەستی پێکرد. پاشان هاورێ سەلاحی حاجی رەشیدی ئەندامی بەریوەبەری یەکیەتیی لاوانی دیموکرات لە ئورووپا چەند وتەیەکی لەسەر هەلومەرجی ژیانی ئیستای لاوانو گرنگیدان بە خەباتی لاوانی دیموکرات لە ئورووپا پیشکەش کرد. بەدوای ئەودا پەیامەکانی دەفتەری سیاسی حیزبو یەکیەتیی لاوانی دیموکرات لە ئورووپا خویندرانەوە. هەروەها هاورییان سەعیدی سۆلتانپوور، بەرپرسی کومیتەی حیزب لە دانمارکو رەشیدی قازی، بەرپرسی تەشکیلاتی کومیتەی حیزب لە دانمارکو هاورێ هیدی میهران، نوینەری پیوەندییەکانی کومیتەی حیزب لەو وڵاتەدا هەرکام بەجیا باسیکیان لەسەر گرنگی بەشداری لاوان لە خەباتی میللی ـ دیموکراتیکی گەلی کورد لە ئیرانو نەخشی بەرچاوی لاوان لەو خەباتەدا پیشکەش کرد. لە بەشیکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیەدا "پەیرەوی نیوخۆ" خرایە بەر باسو لیدوانو لە ئاکامدا بۆ بەریوەبەریی ئەو یەکیەتییە کۆمیتەیەکی ٧ کەسی لە لاوە بەهەستو تیکۆشەرەکانی دیموکرات هەڵبژیردرا.

ئالمان

بەریوەچوونی سیناریك لەشاری" وپرتال"ی ئالماندا

رۆژی شەممە ریکەوتی ١٦ی نوامبری ٢٠٠٢، کومیتەی پارتی سوسیالیستی کوردستان لەئالمان بەهاوکاریی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لەو وڵاتەدا، سیناریکیان بۆ کەسایەتییە کوردو حیزبە کوردستانییەکان لەشاری وپرتال دا بەریوە برد .

سیناریەکە کاتژمیر ٣ی پاش نیوەرۆ بەقسەکانی کاك مەسعوود یەکیك لەبەرپرسانی پارتی سوسیالیستی کوردستانەوە کرایەوە. پاشان هاوری خوسرەو عەبدوللایی بە نوینەرایەتی لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیرانەوە باسیکی تیروتەسەلی لەسەر میژووی تیکۆشانی حیزبی دیموکراتو بارودۆخی ئیستای کوردستانو ئیرانو هەروەها هاوهەلویستی حیزبەکەمان لەسەر بارودۆخی گۆرانکاریەکانی ئەودوایانەی ناوچە، ئیرانو کوردستان پیشکەش کرد.

بەشی دووهەمی سیناریەکە بۆ وەلامدانەوەی پرسیاری بەشداران تەرخان کرابوو، کە لەوبەشەدا هاوری دوکتۆر خوسرەو وەلامی پرسیارەکانی بەشدارانی دایەوە.

پیویستە بگوتری لەو سیناریودا کە پتر لە ٤ کاتژمیری خایاند ,زیاتر لە ٧٠ کەس لەنوینەرانی حیزبو کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد بەشدار بوون.

بەریوەچوونی سیناری "کوردەکان قوربانیانی تیرۆریزم" لە پارلمانی فینلاندا

رۆژی پینجشەممە ٧ی نوامبری ٢٠٠٢، کاتژمیر ١ی دوای نیوەرۆ سیناریك بە مەبەستی باسو وتوویژ لەسەر بارودۆخی کورد لە جیهانی دوای ١١ی سیپتامبرداو یادی دەسالەی شەهید بوونی دوکتۆر شەرەفکەندیو هاورییانی بە بەشداریی زیاتر لە پەنجا کەس لە کەسایەتییە سیاسییەکانی فینلاندو کوردەکانی دانیشتووی فینلاند، ژمارەیەك لە ئەندامانی پارلمانو رۆژنامەنووسانی فینلاندی لە سالۆنی پارلمانی ئەو وڵاتە پیك هات. سیناریەکە لە دوو تەوەری سەرەکیی وەك: پەرەگرتنی تیرۆریزمی دەولەتی لە رۆژهەڵاتی نیوەراستو لایەنە جۆراوجۆرەکانی تیرۆریزمو کاریگەرییان لە سەر کیشەی کورد پیك هاتبوو.

سەرەتا بەریز "کاری ئۆوتیلا" سەرۆکی کومیسیۆنی مافی مرۆڤی پارلمانی فنلاند سیناریەکەی کردەوە. ناوبراو کیشەی کوردی بە یەکیك لەو مەسەلە سەرەکییانە ناوبرد کە کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی پارلمان، هەولی چارەسەرکردنی دەدا. بەدوای ئەودا هاورێ مەجید حەقی، بەرپرسی کومیتەی حیزب لە وڵاتی فینلاند وتاریکی لە ژیر ناوی "میژووی تیرۆریزم لە ئیران"دا پیشکەش کرد کە لەودا ویرای ئاماژە کردن بە پیشینەی تیرۆریزم لە ئیرانو تیرۆری دەولەتی لە ماوەی دەسەلاتدارەتیی پەهلەویو کۆماری ئیسلامیدا، تیرۆریزمی وەك سیاسەتی رەسمیی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی لەناوبردنی جیابیرانو هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنو "ناردنە دەرەوەی شۆرش" ناوبرد. "ریکخراوەکانی کوردو تیرۆریزم" سەردیری وتاری پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عیراق بوو کە لەلایەن دوکتۆر خوسرەو پیربالەوە پیشکەش کرا.

خاتوو ئوللانتیلا جیگری کۆمیسۆنی مافی مرۆڤ لە پارلمانی فینلاند لە دریژەی بەشی یەکەمی سیناریەکەدا، ویرای ئاماژە بە لایەنەکانی جۆراوجۆری چارەسەری کیشەی کوردلە سەر رۆلی نەتەوەیەکگرتووەکان لە چارەسەری کیشەی کورد لە چوارچیوەی پەیمانەکانی ئەو ریکخراوەیەدا پیی داگرت.

بەشی دووهەمی سیناریەکە بە وتەکانی پرۆفیسۆر "گۆران ڤۆنبۆستڕۆڤ"، سەرۆکی دیوانی ئاشتی بۆ کوردستان دەستی پێکرد. بەدوای وتەکانی ناوبراودا، دوکتۆر "پیتری موولتاین" سەرۆکی بەشی وڵاتانی جیهانی سیهەم لە زانکۆی هیلسینکی وتاریکی لە ژیر ناوی "تیرۆریزم لە رۆژهەڵاتی نیوەراستو کیشە ناوچەییەکان"دا پیشکەش کرد.

دوکتۆر ریبوار فەتتاح بەرپرسی "کوردیش میدیا دات کۆم" لە وتاریکدا لە ژیر ناوی "تیرۆریزمی میدیا"دا هەلویستی رەسمیو بڵاوکراوەیی ئاژانسەکانی دەنگوباسی جیهانی لە پیوەندی لەگەڵ کیشەی کورد، میدیا جیهانییەکانی لە هەلویستی بە هیندنەگرتنیان دەرهەق بە کورد خستە بەر رەخنەو لی دوان.

"سیاسەتی فینلاند بەرامبەر بە کیشەی کورد"، دواین وتاری سیناریەکە بوو کە لە لایەن خاتوو "تاریا کانتولا" راویژکاری تایبەتی وەزیری دەرەوەی فینلاندەوە پیشکەش کرا. ناوبراو لەگەڵ ئاماژە بە وتوویژو هاوکاریی نیوان وەزارەتی دەرەوەی فینلاندو هیزە کوردییەکان لە سەر بەرفراوانتر کردنی پیوەندییەکانی هەر دوولا پیی داگرتو ئامادەیی وەزارەتی دەرەوەی فینلاندی بۆ هاوکاری کردن بە مەبەستی پیکهینانی کومیتەیەکی کوردی بۆ نوینەرایەتیی کردنی کۆمەلگای کورد لە دەرەوەی وڵات دەربری.

سیناریەکە پاش پەسند کردنی بریارنامەیەك لە ٦ خاڵدا بە قسەکانی قازی "لیئۆهیرتز بیرگ" لە کاتژمیر ٥ی ئیوارەدا کۆتایی هات.

ئەوەش دەقی بریارنامەیە کە:

١ـ بەشدارانی سیمینار، تیرۆریزم لە تەواوەتی خۆیدا مەحکووم دەکەن. تیرۆریزم چ وەك کردەوەی ریکخراویك بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانیو چ وەك سیاسەتی دەولەتی بۆ لەناوبردنی جیابیرانو سەرکوتی ئوپۆزیسیۆن مەحکوومە.

٢ـ بەشدارانی سیمینار نالەباریی هەلومەرجی کۆمەلایەتیو ئابووری وەك پاساویك بۆ پەنابردنە بەرکردەوەی تیرۆریستی لە هیچ وڵاتیك بە رەوا نازانن. بە پیچەوانەوە تیرۆریزم رێ لە دیالۆگی نیوان گەلان دەگرێ.

٣ـ بانگهیشتنی هەموو لایەنە پیوەندیدارەکان بە کیشەی کوردەوە دەکەین بۆ ملدان بە ئاشتیو دیموکراسیو ریزنان لە مافەکانی مرۆڤ لە پیناوی هینانەدی هەلومەرجیکی کۆمەلایەتی، ئابووریو کەلتووریی ئەوتۆ کە ببیتە هۆی خاشەبر کردنی تیرۆریزم

٤ـ داوا لە دەولەتی فینلاند دەکەین بۆ کار کردن لە سەر ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تا لە ریگای ئەو ریکخراوەوە، وڵاتانی حاکم بەسەر کوردستاندا هان بدرین بۆ ئەوەی ریز لە مافە کەلتووری، کۆمەلایەتی، ئابووری، شارستانییەکانی گەلی کوردو کەمایەتییەکانی دیکە بە پیی بریارنامەکانی (١٩٩٨/١١/١٢ ـ ٣٩/١١)، (١٩٩٢/١٢/١٨ـ٤٧/١٣٥)، (١٩٨٩/٦/٧)، (HE٣٠٦/١٩٩٠)ی ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانو جارنامەی ١٩٦٦/١١/٤ی یونسکۆ، بگرن.

٥ـ بانگهیشتنی ریکخراوە سیاسییەکانی کوردو ریکخراوەکانی پیوەندیدار بە کیشەی کوردەوە دەکەین بۆ دەستپیشخەری کردن لە کردنەوەی دەرگای وتوویژەکان لە ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا.

٦ـ بەشدارانی سیمینار لەسەر ئەو بروایەن کە، چارەسەری عادلانەی کیشەی کورد، مەرجی رەهای ئاشتی لە رۆژهەڵاتی نیوەراستە.

سەرکەوتنی حیزبی "عەدالەت و پەرەپیدان" لە هەلبژاردنی مەجلیسی تورکیەدا و گیروگرفتەکانی بەردەمی

هەژیر

پاش چەند مانگ کیشەو ململانیی سیاسی لە تورکیەدا، لەرۆژی ١٢ی خەزەلوەری ئەمساڵدا حیزبی "عەدالەت و پەرەپیدان" بە ریبەریی رەجەب تەییب ئۆردوغان، لە هەلبژاردنی پارلمانی ئەو وڵاتەدا توانی بە وەدەستهێنانی ٣٦٣ کورسی لە کۆی ٥٥٠ کورسیی پارلمان بەسەر هەموو رکەبەرکانیدا سەرکەوێ و "حیزبی کۆماریخوازی گەل" بە ریبەریی "دینز بایکاڵ"ـ یش کە کۆنترین حیزبی سیاسی تورکیەیە و لە ساڵی ١٩٢٣دا بەدەستی مستەفا کەماڵ ئاتاتورک دامەزراو لانیکەم لە سێ دەولەتی رابردووی تورکیەدا بەشدار نەبووە، توانی بە وەدەستهێنانی ١٧٩ کورسی لە پلەی دووهەم راوەستێ و ٨ کورسییەکەی تریش بە سەربەخۆکان ببرین.

لە میژووی تورکیەی نوێدا واتە لە ١٩٢٣ بەملاوە، نزیکەی ٢٠٠ حیزبی سیاسی پیک هاتوون کە حیزبی "عەدالەت و پەرەپیدان" سەدو نەوەدو سیهەمین حیزبە کە لە ساڵی ٢٠٠١دا هاتە گۆڕەپانی سیاسیی تورکیەوە. لە ماوەی ٧٩ ساڵی رابردوودا ئەوە یەکەم جارە کە حیزبیکی ئیسلامی دەتوانێ زۆربەی کورسییەکانی پارلمان وەدەست بینێ و بەدوای ئەویشدا ئەوە یەکەمین جارە کە لائیکەکان دەیدۆڕینن.

حیزبی عەدالەت و پەرەپیدان ریبازیکی ئیسلامیی هەیە، بەڵام خۆی بە حیزبیکی دیموکراتیکی نویی مەیلەو راستو خۆپاریز دەزانێ کە توانی لە هەلبژاردنی ئەم دوایانەی پارلمانیدا سەرکەوتنیکی بەرچاو وەدەست بینێ و حیزبە سوننەتییەکان و کەسایەتییە سیاسییە کۆنەکارەکانی پیشووی تورکیە لە مەیدانی رکەبەرایەتی وەدەر بنێ. لە ریزی ئەو حیزبە سوننەتییانەدا حیزبی "دیموکراتی چەپ" بە ریبەریی بولەند ئەجەوید، حیزبی "تورکیەی نوێ" بە ریبەریی ئیسماعیل جەم، وەزیری پیشووی دەرەوە، حیزبی "دایکی نیشتمان" بە ریبەریی مەسعوود یەلماز، یاریدەدەری سەرۆک وەزیرانی دەولەتی هاوبەش بە دەنگیکی زۆر کەم لە خولی هەلبژاردندا چوونە دەرێ. لەم روانگەوە هەلبژاردنی ئەم دوایانەی تورکیە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ هەلبژاردنەکانی پیشوودا هەبوو کە جیگەی لێ ورد بوونەوەیە.

ئەگەرچی چەند مانگ بەر لە هەلبژاردنەکە حیزبە لائیک و نیزامییەکانی تورک سەرقالی ئەوە بوون تا لە ریگای یاسای بنەرەتییەوە پیشگیری لە بەشداریی حیزبی عەدالەت و پەرەپیدان و حیزبە کوردییەکان لە هەلبژاردندا بکەن، بەڵام ئاگاکردنەوەی بەرپرسانی تورک لە لایەن ئەمریکا و هیندێ لە وڵاتە ئوروپاییەکانەوە کە دەبێ ریز لە ئوسوول و پرنسیبە دیموکراتیکەکان بگرن، نەخشە و پلانەکانی ئەوانیان بێئاکام هیشتەوە. ئاشکرایە کە ئەمریکاییەکان لە سەرکەوتنی حیزبی عەدالەت و پەرەپیدان دلنیا بوون، بەڵام بۆ لە حالیکدا کە لە سالی رابردوو سەرقالی خەبات لە دژی گرووپە ئیسلامییە توندرۆیەکان بووە، پیشوازی لە سەرکەوتنی حیزبی ئیسلامیی عەدالەت و پەرەپیدان دەکا و دژایەتیی لەگەڵ وەلانانی ئەو حیزبە لە هەلبژاردنی پارلماندا دەکا. راستییەکەی ئەمەیە کە لە سالی رابردوودا حیزبە لائیکەکانی تورکیە بەهۆی هەوڵ و تیکۆشانی بەردەوامیان لە پیناو چوونە نیو یەکیەتیی ئوروپاوە پیوەندییان لەگەڵ ئەمریکادا گەلێ جار تووشی هەلکشان و داکشان هاتوەو زۆر گویرایەلی سیاسەتەکانی ئەمریکا نەبوون. هەر بەو هۆیە پاش رووداوی ١١ی سپیتامبرەوە سیاسەتی ئەمریکا بە نیسبەت تورکیە ئالوگۆری بەسەردا هات، هەتا بە دۆزینەوەی ئالترناتیڤیکی تازە وەك هاوپەیمانیکی نویی خۆی لە ناوچەکەدا لە لایەك بە خەلکی دنیا بە تایبەتی موسلمانەکانی نیشان بدا کە ئەوان تەنیا لەگەڵ گرووپە توندرەوە ئیسلامییەکان کیشەو ململانییان هەیەو لە لایەکی دیکەشەوە بە پیکهێنانی سیستمی لەو بابەتە بە ئەندامبوونی تورکیە لە یەکیەتیی ئوروپادا لەگەڵ کەندو کۆسپی نوێ بەرەوروو کەن. چونکە بە چوونی تورکیە بۆ نیو یەکیەتیی ئوروپا زەبری قورس لە بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەو لە خودی تورکیەشدا دەکەوێ.

دەسەڵاتی حیزبیکی سیاسیی ئیسلامی لە تورکیەدا، مەسەلەی بە ئەندامبوونی ئەو وڵاتە لە یەکیەتیی ئوروپادا چەتی تێ دەکەوێ. چونکە "والری ژیسکاردستن" سەرۆك کۆماری پیشووی فەرانسەو سەرۆکی دەستەی بەرنامە داریژەرانی داهاتووی ئوروپا، چەند رۆژ دوای هەلبژاردنی پارلمانی لە تورکیە، لە وتوویژ لەگەڵ رۆژنامەی فەرانسەیی "لۆمۆند"دا گوتبوی: ئەوانەی پشتیوانیی بە ئەندامبوونی تورکیە لە یەکیەتیی ئوروپادا دەکەن، دوژمنانی یەکیەتیی ئوروپان. ناوبراو هەروەها لەو وتوویژەدا بە ئاماژەکردن بە موسلمانبوونی خەلکی تورکیە، رادەی زۆری زاو زێ لەو وڵاتەدا، جیاوازیی فەرهەنگی و جیاوازی شیوەی ژیانی خەلکی تورکیە وەك لەمپەری بەئەندامبوونی ئەو وڵاتە لە یەکیەتیی ئوروپادا زانی و گوتی، ئەگەر ئەو وڵاتە بەو حەشیمەتەی کە هەیەتی، بچیتە نیو یەکیەتیی ئوروپاوە، دەبیتە یەکیك لە گەورەترین وڵاتانی ئەو یەکیەتییە. لە حالیکدا پیتەختی تورکیە لە خاکی ئوروپادا نیەو ٩٥٪ی خەلکەکەشی لە دەرەوەی ئوروپادا دەژی. هەر بەو هۆیەوە بەئەندامبوونی ئەو وڵاتە لە یەکیەتیی ئوروپادا دەبیتە هۆی ئەوە کە هیندێ لە وڵاتانی ئاسیایی و ئەفریقاییش داوای ئەندامەتی بکەن. ئەوە لە حالیکدایە کە یەکیك لە دروشمە سەرکییەکانی حیزبی عەدالەت و پەرەپیدان لە کاتی ململانیی هەلبژاردندا دروشمی هەولدان بۆ چوونە نیو یەکیەتیی ئوروپا بوو. لە لایەکی دیکەشەوە رەنگە وڵاتانی ئوروپایی لە داهاتووشدا نەتوانن دەسەڵاتی ئیسلامییەکان لە تورکیە قبووڵ بکەنو بەو بیانوە بیانهەوێ مەسەلەی کیشەخولقینی ئەندامبوونی تورکیە لە یەکیەتیی ئوروپادا لەبیر بەرنەوە.

خاوەنزایان خۆ بواردنی خەلك لە دەنگدان بەو حیزبانەی کە لەم ١٠ ساڵەی دوایی‌دا دەسەڵاتی تورکیەیان بەدەستەوە بووە، بە قەیرانی ئابووری و فەسادی مالییەوە دەبەستنەوە کە لەم ساڵانەی دوایی‌دا شوینی خراپی لەسەر ژیانی خەلکی تورکیە داناوە. هەرچەند هینانەگۆری دروشمگەلیکی وەك ئەندامەتیی ئەکیەتیی ئوروپا، لەبەرچاو گرتنی مافی مرۆڤ و ئازادیی بیرورا، چاکتربوونی باری ئابووری، کەمکردنەوەی مالیات و وەدیهینانی چەندین ویستی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی دیکە لە لایەن حیزبی عەدالەت و پەرەپیدان (AKP) ەوە لەسەرکەوتنی ئەو حیزبە نەخشی گرنگیان هەبووە. بەڵام ئەو سەرکەوتنە بەمانای خەبات و تیکۆشانی ماندوویی‌نەناسانەی حیزبی ناوبراو نیە، بەلکوو ئەوە دەنگی تووریی و نارەزایەتی خەلکی تورکیە بە نیسبەت ئەو بارە نالەبارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەیە کە خەلکی ئەو وڵاتە لەگەلی دەستەو یەخەن و هەروەها وشیارکردنەوەی حیزبە سوننەتییەکانی تورکیەیە بەو مانایەی کە خەلك ملکی هیچ کەس نیە، بەلکوو خەلك دەنگ بە حیزبیك دەدەن کە ئەوپەری هەولی خۆی بۆ هینانەدی و دابینکردنی نان، یەکسانی، پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دیموکراسی بۆ ئەوان بخاتەگەر.

حیزبی ناوبراویش بۆ وەدیهینانی سیاسەت و دروشمەکانی لەگەڵ گیرەو کیشەی گەورەی وەك ئابووری کز، ئەگەری شەر لە جیرانەتی تورکیەدا واتە عیراق، مەسەلەی کورد لەو وڵاتەداو مەسەلەی قیبرس و بەئەندامبوون لە یەکیەتیی ئوروپا بەرەوروویە. هەروەها ئەو حیزبە لەگەڵ بەدگومانیی ئەرتەشی وەفادار بە نیزامی لائیکی تورکیە رووبەرووە کە لە رابردوودا بە شیوەیەکی بەردەوام دەستی لە سیاسەت وەرداوە. هەرچەند ئوردۆغان رای‌گەیاند کە بە میراتی ئاتاتورك وەفادارەو بە هیچ لەونێ جاریکی دیکە نایهەوێ "عەباو عەمامە"ی خەلیفەکان دەبەر تورکیەی مۆدیرن بکا کە خەلکی تورکیە بە هەر بیروباوەریکەوە دەبێ بتوانن لە ژیر نیزامیکی دیموکراتدا بە ئارامی بژین و خاوەنی بیروباوەری خۆشیان بن و هیچ کردەوەیەك بە زۆری بەسەر خەلکدا لەوانە مەسەلەی "حیجاب" کە هیندێ لە ریکخراوو کەسایەتی‌یەکانی ژنان وەك خانمی چیلیری نیگەران کردبوو، نەسەپینرێ. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا داهاتوو دەری دەخا کە ئایا ب ئوردۆغان و حیزبەکەی دەتوانن نیشان بدەن کە ئەوانیش وەك حیزبە دیموکرات مەسیحی‌یەکانی ئوروپا، دیموکرات موسلمان بن؟ یان گوتاری هیمنی ئەوان تەنیا ئامرازیکە بۆ داپۆشینی سیاسەتی بنئاژوویان!

✧✧✧

زۆری نەماوە داری هیوا بیتەبەر

برایم جەهانگیری

"رامسفیلد": "ئیمە شاهیدی ئەوە دەبین کە لاوان و ژنان و هەموو ئەو کەسانەی کە باوەریان بە ئازادی هەیە حکوومەتی ئاخوندەکان تیك دەرووخینن" (١)

رەفسەنجانی: "ئاغای وەزیر ئەو ئارەزوە لەگەڵ خۆی‌دا دەباتە گۆر . . ."؟! (٢)

ئەگەر چاو لە قسەکەی رامسفیلد بپۆشین و فشەفشەکەی رەفسەنجانییش بە هیند نەگرین و ئاوریك لە هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئیران بدەینەوە، ئەو مەسەلەمان بە روونی بۆ دەردەکەوێ کە رامسفیلد لە گۆترە ئەو قسەیەی نەکردوە.

لە باری سیاسی‌یەوە ریژیمی ئیران بە تەواوەتی کەوتۆتە قەیرانیکەوە کە زەحمەتە بتوانێ لیی دەرباز بێ. کاربەدەستان و دەسەڵاتدارانی ئیران بە هیچ جۆرێ ناتوانن ئەو مەوداو کەلینەی کە کەوتۆتە نیوان ئەوان و کۆمەڵانی خەلك پربکەنەوە. خەلکی ئیران پاش نیزیك بە ٢٤ ساڵ، ئازاری جەستەیی و دەروونی کە بە هۆی هاتنە سەرکاری ریژیمی ئیسلامیی ئیرانەوە تووشی بوون، بەو قەناعەتە گەیشتوون کە چی دیکە ئامادە نین لە ژیر حوکمی رەشی دیکتاتۆری‌دا دریژە بە ژیان بدەن. ئەوان بە تایبەتی لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا لە هەموو بزاڤە سیاسی‌یەکان‌دا نیشانیان داوە کە بە تەواوی لە سیستمی دەسەڵات وەرەز بوون. هەربۆیە کاتێ خاتەمی لە ٢ی جۆزەردانی ٧٦دا کاندیدای سەرکۆماری بوو، سەرەرای ئەوەی کە ریبەرانی پاوانخواز بە تەواوی دیفاعیان لە رەقیبەکەی خاتەمی واتە ناتقی نووری دەکرد، خەلك بە پیچەوانەی ویستی کاربەدەستان زیاتر لە ٨٠٪ی دەنگی خۆیان دا بە خاتەمی.

بە دوای ئەم هەلبژاردنەدا لە دوو هەلبژاردنی دیکەی مەجلیسی شوورای ئیسلامی و شورای ئیسلامیی شارو دێ دا دووبارە زۆربەی هەرە زۆری دەنگەکانیان دا بەو کەسانە کە بە دلی ریبەرانی ریژیم نەبوون. لە هەلبژاردنی سەرکۆماری لە جۆزەردانی ٨٠دا دووبارە خەلك دەنگیان نەداوە بە کاندیداکانی بالی راست، چونکە ئەوانیان بە دەسەڵاتداری راستەوخۆی حکوومەتی ئیسلامیی ئیران دەزانی. بەڵام ئەم جارەیان زیاتر لە ١٤ میلیون کەس هەر بەشدارییان لە هەلبژاردن دا نەکرد. کە ئەمە خۆی مەترسی‌یەکی گەورە بوو بۆ سەردەسەڵاتی ریژیم لە تەواوەتی خۆی‌داو بە هەردووك بالی راستو چەپی‌یەوە. جگە لەمە هەر لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا لە دەیان شارو بە دەیان جار بە بیانووو بۆنەی جۆراوجۆر خەلکی رژاونەتە سەر شەقامەکان و بە ئاشکرا دژی ریژیم هەلویستیان گرتوە. هەر لە دوو ساڵی رابردوودا لە شارەکانی تاران، مەشهەد، تەوریز، ئیسفەهان، هەمەدان، سنە، پیرانشار، سەردەشت، مەهابادو . . .هتد، زۆرجاران خەلك رژاونەتە سەر شەقامەکان و دژی ریژیم دروشیان داوەو لەگەڵ هیزە ئینتیزامی‌یەکان تووشی تیك هەلچوون بوون.

با تۆزێ بگەڕینەوە دواوە، کاتێ هیندێ رۆژنامەی ریفورمخواز برە ئازادی‌یەکیان وەدەست هینا، ئەو کات خەلك تەنیا رووبان لەو رۆژنامانە دەکرد کە زیاتر کردەوە دژی گەلی‌یەکانی ریژیمیان لە قاو دەداو لە ریزی چەندین کەسی‌داو بۆ ماوەیەکی دوورو دریژ چاوەروان دەمانەوە تا بەلکوو رۆژنامەیەکیان دەست بکەوێ و بابەتیکی لە دژی ریژیم و یان ریبەرانی سەرەکیی ریژیمی تیدا نووسرابێ، لەم نیوەدا وتارەکانی، گەنجی، حەججاریان، شەمسولواعیزین، موحسینی کەدیوەر، هاشم ئاغاجەری، عەبباسی عەبدی، عەبدولڵای نووری و زۆر کەسی دیکە خوینەری زیاتری هەبوو، هەرچەند زۆربەی ئەو نووسەرانە ئیستا یان لە زیندان دان و یان لە ترسی گرتن و راوەدوونان بیدەنگ بوون. کتیبی "عالیجناب سرخپوش"و "عالیجناب خاکستری" لە تیراژی چەند هەزاری و بۆ چەندەمین جار چاپ و بڵاوبوونەوە تەنیا بەو هۆیەی کە لە دژی فەللاحیان و رەفسەنجانی نووسرابوون و دەستی ئەوانی لە قەتلە زنجیرەیی‌یەکان خستبوە روو.

لە باری ئابووری‌یەوە وەزعی ریژیم زیاتر رووی لە خراپی‌یە بە تایبەتی کە لەبەر ئەو تەخشان پەخشانەی ریژیم بە داهاتی نەوتەوە دەی‌کاو ریکخراوە تیرۆریستەکانی پێ دەحاوینیتەوە. خەلکی ئیران بە گشتی لە ئیمکاناتی باشی ژیان بێبەش بوون، جگە لەمە زۆربەی هەرە زۆری کارخانە گچکەو گەورەکان لەبەر نەبوونی مەوادی سەرەکی (مواد اولیە) داخراون و کریکارەکانیان بیکار بوون، بەرهەمهینان بە گشتی لە ئاستیکی نزم دایەو نرخی دراوی ئیران بە تەواوی لە ئاست نرخی دراوی دیکەدا دابەزیوە، هەر ئیستا یەك دولار بەرامبەر بە ٨٠٠ تمەن ئالویر دەکرێ.

خەلك بە گشتی پیداویستی‌یەکانیان لە ریگای قاچاغەوە دابین دەکەن، کە ئەویش ئەو کەلوپەلە خارجییانە دەگریتەوە کە زۆر گران دەگەنە دەست خەلکی و یان شتو مەکی ئیرانی بە نرخیکی گران دەبێ بکرن. مەودای نیوان فەقیرو دەولەمەند بە گشتی لە ئیرانداروو لە زیاد بوون دایەو تویژی مامناوەندی بە جاریك بە لای فەقیرەکان‌دا شکاوەتەوەو خیلی گەورەی فەقیرو هەژاریان گەورەو گەورەتر کردۆتەوە.

نەبوونی پلانیکی دروستی ئابووری بۆتە هۆی ئەوە کە زەرەرو زیانەکانی ئەم بێ بەرنامەییە بە سەر خەلکی فەقیرو هەژاردا بشکینیتەوە. بۆ نموونە ناوەندی چاندنو سەنعەتی (کشت و صنعت)ی لورستان ماوەیەك لەمەوبەر داخراو سەدان کریکاری ئەو ناوەندە بیکار بوون. "وەزیری ئابووری و دارایی داوای کرد کە ناوەندی چاندنو سەنعەتی "خرم آباد" دەست بەکار بیتەوە. تەهماسب مەزاهیری لە وەڵامی نارەزایەتیی توندی سەید عیسا مووسەوی‌نەژاد نوینەری خەلکی "خرم آباد"دا سەبارت بە لە کارکەوتن و تەعتیل بوونی ناوەندی چاندنو سەنعەتی لورستان لە "ولی‌الله سیف" سەرۆکی بانکی میللی ئیرانی ویست لە دارشتنی پلانیك بۆ هەرچی زووتر وەکار کەوتنەوەی ئەو بنکە ئابوورییە هەولی جیدی بدا." (٣)

بە گشتی ئیران بۆتە وڵاتی تیجارەتو بازرگانی کە زۆربەی بازرگان و تاجرەکانی هەر ئاخونده دەسەڵاتدارەکان یان دەستو پیوەندەکانی ئەوانن. "رانت خواری" وەك مۆتەکەیەك بەرۆکی ئابووریی ئیرانی گرتوەو جگە لە هەژاری و فشاری ماددی و مەعنەوی بۆ سەر خەلکی چی دیکەی لی نەکەوتۆتەوە. هەر بەو هۆیەیە کە دامەزراندنی کارخانەو دابین کردنی کەرەسەی بەرهەم هینان بۆیان هەرگیز بایەخی پێنەدراوەو سەنعەتی میللی رۆژ لە دوای رۆژ زەرەری پێگەیشتوە. بە سەدان کارخانەو کارگەی گەورەو گچکە لە چەند ساڵی رابردوودا تەعتیل کراون و زۆربەی هەرە زۆری کریکاری ئەو بنکە ئابوورییانەش بیکار کراون و ئەوەش سەرەرای ئەو بیکاری‌یەی کە زۆربەی لاوانی وڵاتەکەمان هەر لە دوای تەواو کردنی قوتابخانەو زانکۆو سەربازی لە گەلی رووبەروو دەبن.

لە باری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی‌یەوە بە داخەوە فەرهەنگی زاڵ بە سەر وڵاتەکەماندا واتە فەرهەنگی سیستمی دەسەڵاتدار، فەرهەنگیکی تەواو دواکەوتوویەو لەگەڵ هیچ بنەمایەکی دنیای مودیرنی ئەمرۆکە یەك ناگریتەوە، فەساد سەرتاپای وڵاتەکەمانی گرتۆتەوەو دزی و بەرتیلخۆری بۆتە شتیکی باوو ئاسایی. بیکاری دەردی سەرباری هەموو دەردانەو رەنگدانەوەو کاردانەوەی گەلی خراپی لە سەر کۆمەڵ داناوەو دزی و راوروو تو دەکار کردنی ماددە بیهۆشکەرەکان "مواد مخدر" بە تایبەتی لە نیو لاواندا وەك هیرۆئین و مورفین بەرهەمی ئەو بیکاری‌یە زالەیە کە لە وڵاتەکەماندا هەیە. رۆژ نیە لە مەیدان و شەقامی شارەکاندا لاشەی بێگیانی چەند لاویك نەدۆزریتەوە. بەگویرەی سەرچاوە باوەرپیکراوەکان ٣ تا ٦ میلیۆن موعتاد لە ئیراندا هەیە کە زیاتر لە ٣٥٠ هەزار کەسیان بە ماددەی کوشندەی هیرۆئین موعتادن. زۆربەی زیندانی‌یەکان هەر لە کەسانی موعتاد پیك هاتوون. "١٦٨٤٦٤ زیندانی لە ئیراندا هەیە کە نیزیکەی ١٠٠ هەزار کەسیان لە پیوەندی لەگەڵ مەواددی موخەددیردا گیراون" (٤)

ئەوە لە حالیك دایە کە ئەو گیراوانەی کە موعتادیش نین لە زیندانەکان دا موعتاد دەکرین و ئەوە بۆخۆی نیوەرۆکی دژی ئینسانیی ئەو ریژیمە زیاتر نیشان دەدا. "بە وتەی سەرۆکی زیندانەکانی ئیران، مەوادی موخەددیر بە شیوەیەکی رەسمی و بە ئاشکرا لە نیو زیندانەکان‌دا بڵاودەبیتەوە". (٥) ئەوە دان

بۆ لاپەری١١

لەبارەی دوو گەلاڵەکەی خاتەمی لە پیوەندی لەگەڵ لابردنی چاوەدێریی "استصوابی" و زیادکرنی دەسەلاتی سەرکۆمارەوە

م. مەعرووفی

لە نیوان رۆژەکانی ١٧ تا ٢١ی خەزەلوەردا هەروەك چاوەروان دەکرا مەجلیسی شووری ئیسلامی دوو گەلاڵەی سەید محەممەدی خاتەمی لە پیوەندی لەگەڵ لابردنی چاوەدێریی "استصوابی" کە شووری نیگابان بۆ رەتکردنەوەی کاندیدا سەربەخۆو ریفورمخوازەکان بە کاری دینا و زیاد کرانی دەسەلاتی سەرکۆمار، پەسند کرد. ئەم دوو گەلاڵەیە هەر لە یەکەم رۆژەکانی سەرەتای پاییزی ئەم ساڵ کە خاتەمی لە کۆنفرانسیکی رۆژنامەنووسیدا بەلینی دا پیشکەش بە مەجلیسیان بکا، کیشەی نیوان دوو قۆلی ریفورمخوازو موحافیزەکاری بردە نیو قۆناغیکی نویوە و زیاتر لە هەر کات ئەو دوو قۆلەی لەبەر یەك راست کردەوە.

لە حالیکدا شووری نیگابانو لە سەرووی ویشدا مەجمەعی تەشخیسی مەسلەحەتی نیزام دەتوانن هەموو پەسندکراوەکانی مەجلیسی شووری ئیسلامی رەت بکەنەوە، کیشەی نیوان ئەو دوو قۆلەش رۆژ لەگەڵ رۆژ قوولتر دەبیتەوە، چارەنووسی ئەو دوو گەلاڵەیە کە کەسانی نیزیکی خاتەمی دەلین ئەگەر رەت بکریتەوە خاتەمی واز لە پۆستی سەرکۆماری دینێ، چی لێدێ؟ هۆیەکانی دانی ئەم دوو گەلاڵەیەو پەسند کردنیان لە لایەن مەجلیسەوە کامانەن کە خاتەمیی ناچار کرد ریسکیکی ئەوتۆ بکا؟

خاتەمی کە بە کۆمەلیك وەعدەو دروشمی بریقەدار هاتە مەیدانو توانی دەنگی ٢٠ میلیۆن خەلکی ئیران بۆخۆی وەربگرێ، لە ماوەی ٦ سالی رابردوودا نەك هەر نەی توانی هیچ کام لە وەعدەو بەلینو دروشمەکانی وەدی بینێ، بەلکوو لە ماوەی سەرکۆماریی ناوبراودا، ئازادییە مەدەنییەکانو وەزعی مافی مرۆڤیش چاك بوونی بەخۆیەوە نەدی، قەیرانی ئابووری قوولتر بۆوەو دیاردە دزیوەکانی نیو کۆمەڵ زیاتریان پەرە گرت، ژمارەیەکی زیاتر لە رۆژنامەکان داخرانو ریژیم بوو بە گەورەترین زیندانەوانی رۆژنامەنووسانو زانایانو خویندکارانو مامۆستایان. بێئیرادەیی خاتەمیو چۆك دادانی لە بەرامبەر موحافیزەکاراندا رۆژ لەگەڵ رۆژ خەلکی تووشی ناهومیدی کرد بە چەشنیك کە ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتییەکانی نزیكو ئەولایەنانەی ئیئتلافیان لەگەڵ کردبوو، بۆیان دەرکەوت کە نە لە چوارچێوەی ئەو ریژیمەدا ریفۆرم روودەداو نە خاتەمی ئیرادەی وەدیهێنانی ئەو وەعدەو بەلینانەی هەیەو رۆژ لە رۆژ زیاتر رەخنە لە دەستە وەستانی ناوبراو دەگیرا. دانی ئەو دوو گەلاڵەیە لە رووەکەوە جۆریك دلدانەوەی ئەو کەسایەتیو لایە تۆراوانە بوو کە لە دەسەلات چوونەدەر، یان دەیانەوێ لە دەسەلات بچنە دەرو گەیشتوونەتە ئەو باوەرە کە ئەو ریژیمە ئالوگۆر هەڵ ناگرێ.

کارشکینیو رقەبەرایەتیی قۆلی موحافیزەکار لە دژی ریفۆرمخوازان تا هاتوە رەوتیکی توندتری بە خۆیەوە گرتوەو ئیستا پیی ناوەتە قۆناغیکی نویوە. مۆرە ئەسلییەکانی موحافیزەکاران لیرەو لەوێ لە هەلویستو قسەکانیان دا هەرەشەی ئەوە دەکەن کە لە هەلبژاردنەکانی داهاتوودا کاندیدای سەر بە قۆلی بەرامبەریان رەت بکەنەوە. بە تایبەتی ئەگەر کیشەی هەلبژاردنی میاندەورەیی ئوستانی گولستان لە ساڵی رابردوودا وەبیر بیننەوە کە کاندیداکانی سەر بە ریفۆرمخوازان چۆن لە مەیدان دەرکران، ئەو راستییەمان زیاتر بۆ دەردەکەوێ. لەو هەلومەرجەدا خاتەمی گەلاڵەی لابردنی چاوەدێریی "استصوابی"ی دا بە مەجلیس تا لە هەلبژاردنی دەورەی حەوتەمی مەجلیسدا کە لە چەند مانگی داهاتوودا بەریوە دەچێ، ریفۆرمخوازان ئەمجارەش مەجلیسیان لەبەر دەستدا بێ. سەرکۆماریش کە تا ئیستا دەسەلاتی بەریوەبردنی هیچ کام لە بەرنامەو دروشمەکانی نەبووە بە پەسند گەیاندنی گەلاڵەی زیاد کردنی دەسەلاتی سەرکۆمار ئەو دەسەلاتە دەستەبەر بکا و بەمجۆرە دەزگای بەریوەبردنو یاسادانان هەروا لەبەر دەستی ریفۆرمخوازاندا بمینیتەوە.

هەلەی خاتەمیو ریفورمخوازانی نیو دەسەلات لەوەدایە کە پییان وایە لەو ریژیمەدا بە دانانی قانوونو ریوشوینو دیاریکردنی سنوور ئەرکی هەر کام لە هێزەکانو پۆستو دامودەزگاکان،و زیاد کردنی دەسەلاتی سەرکۆمار، سەرکۆمار هێزو توانای زیاتری بۆ بەریوەبردنی کارو بەرنامەکانی دەبێ. بەڵام روونو ئاشکرایە کە هیچ ریژیمێك بە رادەی کۆماری ئیسلامی لە خستنە پشت گوێو پیشیل کردنی قانوونو ریوشوینە پەسندکراوەکان تەنانەت ئەوانەش کە بۆخۆی پەسندی کردبوون، ئازا نیە. موحافیزەکارانو وەلیی فەقیه لە سەرووی هەمووانەوە لە ماوەی ٦ ساڵی رابردوودا نەیان هیشتوە سەرکۆمار خاوەنی ئەوەندە دەسەلاتە بێ کە لە قانوونی ئەساسیدا بۆی دیاری کراوە، ئیستا ئەگەر گەلاڵەکەشی لی قبووڵ بکەن چۆن دیلن خاوەنی دەسەلاتی زیاتر بێ؟ جگە لەمەش خاتەمی کە ئیرادەی بەریوەبردنی ئەو دەسەلاتە کەمەی پیشووی نەبوو، چۆن ئیرادەی بەریوەبردنی دەسەلاتی زیاتری دەبێ؟

بەڵام هەر لەو کاتەشدا دانی ئەم دوو گەلاڵەیەو پێداگرتنی خاتەمی لە سەر پەسندکردنیان، موحافیزەکارانی تووشی هەلبژاردنیکی دژوار کردوە. ئەوان ئەگەر ئەم دوو گەلاڵەیە رەت بکەنەوە، دەبێ مەترسیی واز هینانی خاتەمی لە پۆستی سەرکۆماریو چوونەدەری ریفورمخوازان لە دەسەلات قبووڵ بکەن کە ئاکامی زۆر نالەباری بۆ ئەو ریژیمە بەدواوە دەبێ. چونکە ریفۆرمخوازان لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا هەولیان داوە سیمایەکی جوان لە ریژیم پیشانی دنیای دەرەوە بدەن. یان لانیکەم بوونەتە بیانوویەك بۆ ولاتانو شیرکەتە قازانج پەرستەکان کە لەگەڵ ریژیمیکی دژی ئینسانیی وەك کۆماری ئیسلامی بکەونە ساتو سەودا. لە نیو خۆشدا ریفۆرمخوازان بێئەوەی دەسکەوتیکیان بە نسیب بووبێ بە کردەوە وەك لەمپەرو بەڵاگیرەوەیەك بۆ ریژیم لە بەرامبەر خەلکی وەزالەهاتووی ولاتەکەماندا نەخشیان هەبووەو دەسکەوتو قازانجەکانیان تەنیا بە نسیبی موحافیزەکاران بووە. بەڵام لە لایەکی دیکەش ئەگەر ئەو دوو گەلاڵەیە لە لایەن موحافیزەکارانەوە پەسند بکرێ لانیکەم دەبێ دەورەیەکی چوار ساڵیی دیکە ئەم یاریە تاقەت پرووکینە کە لە رادەی تەحەممولو سەبرو سیکەدانەی وانداا نیە قبووڵ بکەنو تواناو ئینیرژیی خۆیان بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ ریفورمخوازاندا تەرخان بکەن.

سەرەرای ئەوە کە لە یەکەم رۆژەکانی هاتنە گۆری باسی ئەم دوو گەلاڵەیە مقۆمقۆی دژایەتیو نارەزایەتی کەوتۆتە نیو موحافیزەکارانەوە، بەڵام وا دیتە بەرچاو قورسایی کیشەکە بەلای پەسند کرانی هەردوو یان یەکیك لە گەلاڵەکان دایە. بەڵام نەك دەقاو دەق ئەو گەلاڵانەی خاتەمی دانی بە مەجلیسو مەجلیسیش پەسندی کردن. لەوانەیە شووری نیگابان یان مەجمەعی تەشخیسی مەسلەحەتی نیزام شتیکی ئەوتۆی لی بیلیتەوە کە وەك زۆر پەسند کراوەکانی دیکەی ریژیم لە پشتی پەردەدا بتوانن بە سەر خاتەمیو ریفۆرمخوازانی نیو دەسەلاتی دا پسەپینو هەر لەو کاتەشدا ناوی "پەسند کراو"ی لەسەر دابنین کە سێ مەبەستی سەرەکی بۆ ئەوان تیدا بێ. یەکەم، ئەوەندە لیڵو ناروون بێ کە تەفسیری جۆراوجۆر هەڵ بگرێ هەلویستی روونو لیبراوانەی لەسەر نەگیرێ، دووهەم، ئەوەندە بەرتەسكو بێنیوەرۆك بێ کە بە هاسانی بخریتە پشت گوێ، سیهەم، بە مەسلەحەتخوازیو پیکەوە سازانی رواڵەتی شتیك پەسند بکەن کە ژیستی یەکیەتیو یەکتر تەحەممول کردنی پیوە بگرنو پەردە بەسەر کیشەو دوژمنایەتیی نیوانیان دا بکیشن.

راگەیاندراوی دەبیرخانەی پیوەندییە نیونەتەوەییەکانی حیزبی سوسیالیستی فەرانسە لە بارەی ئیرانەوە

لەم دوایانەدا پارلمانی ئیران دوو گەلاڵەی یاسایی پەسند کرد. یەکەمیان بۆ روونکردنەوەو دانی دەسەلاتی زیاتر بە سەرکۆمار لە قانوونی ئەساسیدا، تا ناوبراو بتوانێ بەرنامەچاکسازیو ریفۆرمیستییەکانی خۆی بە مەبەستی پیشخستنی ولات جیبەجێ بکا. دووهەمیان گەلاڵەیەکە بە مەبەسی سنووردار کردنی دەستیوەردانی دەزگا کۆنەپارێزەکان لە کاروباری ولاتدا. ئەو دوو نەهادە موحافیزەکار کە هیچ رەوایییەکی دیموکراتیکیان نیە، لە راستیدا لەمپەری سەرەکین لەبەردەم بزووتنەوەی ئیسلاحاتو دیموکراتیزەکردنی ئیراندا. لەخۆرانیە کە ئەو نەهادانەی لە ژیر کۆنترۆلی نەیارانی ئیسلاحات دان، بە تایبەت دەزگای قەزایی، ئەم کاتەیان بۆ وەریخستنی هیرشیکی بەرین دژی مافو ئازادییەکانی هاوولاتیانی ئیرانی هەڵ بژاردوە. دوای داخستنی چەندین رۆژنامە، دوو ئەنیستیتۆی راپرسیشیان داخستوونو بەرپرسەکانیان، واتە بەریزان بیهروزی گرانپایەو عەباسی عەبدی خراونەتە زیندانەوە. بە دوای زیندانی کردنی ناسر زەرئەفشان، پاریزەر،و ئیعدامی خەباتگیرانی کورد، ئاغای هاشم ئاغاجەری، نووسەرو کەسایەتیی سیاسیی ئیسلاحتەلەب بە مەرگ مەحکووم کراوە. ئەم چەشنە کردەوانە نەك هەر بە نیشانەی پیشیلکردنی ئاشکرای مافو ئازادییەکانی خەلکی ئیران دادەنرین، بەلکوو جۆریك بێحورمەتیو گالتە کردن بە کۆمەلگای نیونەتەوەییو تەواوی ئەو مرۆڤانەن کە خوازیاری ئیرانیکن کە تیدا مافەکانی مرۆڤو ئازادییە دیموکراتیکەکان رەچاو بکرێ. حیزبی سوسیالیستی فەرانسە، پیشیلکردنی ئاشکرای ئەم پرنسیبانە لە ئیراندا بە توندی مەحکووم دەکاو هاورێ لەگەڵ پیداگرتن لە سەر پشتیوانیو هاوپیوەندیی خۆی لەگەڵ هێزە ریفورمخوازو دیموکراتەکانی ئیراندا، داوا لە یەکیەتیی ئوروپا دەکا کە لە تەواوی وتوویژەکانی خۆی لەگەڵ ئیراندا، لە پیوەندی لەگەڵ پاراستنی مافی مرۆڤ لەم ولاتەدا هوشیاریەکی زیاتر لە خۆی نیشان بدا.

دەبیرخانەی پیوەندییە نیونەتەوەییەکانی حیزبی سوسیالیستی فەرانسە

پاشماوەی: زۆری نەماوە داری هیوا بیتە بەر

پیدانانیکی ئاشکرایە کە بەرپرسانی ریژیم تا چ رادەیەك بە پەرۆشن بۆ سلامەتیی کۆمەڵو چۆنیان ئاگا لەو لاوانە دەبێ کە لەوانەیە هەر بە هۆی تیکهەلچوونیکی فیزیکییەوە تووشی زیندان بووبن.

فەقرو بیکاری بەراستی برستی لە خەلکی بریوەو لە راستیدا زۆر کەمن ئەوانەی بە خەیالی ئاسوودەوە "دەستیان بە دەمیان رابگا". هەموو لایەکیش لیرەو لەوێ گوێ بیستی ئەم راستییە تالە بووین کە کچانی کەم تەمەن بە هۆی باندەکانی قاچاغەوە لە ولاتانی دەوروبەردا دەفرۆشرینو لە نیو خۆی ئیرانیشدا چەندین هەزار ژنی خیابانی هەن. هەر بە پیی سەرچاوە باوەرپیکراوەکان چەندین هەزار ژنی خیابانی هەر لە شاری تاراندا هەن. کار گەیشتۆتە جیگایەك کە ریژیم بە تەما بوو بە دروست کردنی "خانەهای عفاف" لەو گیروگرفتە کۆمەلایەتییە خۆبدزیتەوە. بەگشتی وەك دەبینین ریژیم لە هەموو بوارەکانی، سیاسی، ئابووریو کۆمەلایەتیدا تووشی قەیران هاتوەو بەراستی ئەوەی ژیان بێ لە ئیراندا بۆ خەلکی نەماوەتەوە.

بەوپێیەو بە بۆچوونی زانایەکی بلیمەت کاتێ شۆرشی گەلان دژی ریژیمە ملهورەکان روودەدا کە هەلومەرجی شۆرشگیرانە ئامادە بێو ئەویش بریتییە لە:

١ـ ریژیم بە شیوەی پیشوو نەتوانێ دەسەلاتی خۆی بسەپینێو خەلکیش نەیان هەوێ بە شیوەی رابردوو دەسەلاتەکەی قبووڵ بکەن.

٢ـ هەژاری هەموو لایەکی گرتبیتەوە.

٣ـ خەلکی بویرن بینە سەرشەقامو لە دژی ریژیم خەباتی ئاشکرا دەست پێبکەن.

ئەگەر باوەرمان بەوە هەبێ کە هەلومەرجی شۆرشگیرانە لەو سێ شیوەیەدا خۆی دەبینیتەوە، ئەوا دەبێ بە دلنیاییەوە بلین کە ئەم سێ مەرجە لە ئیراندا هەنو لەو رووەوە گلۆلەی تەمەنی ریژیم کەوتۆتە سەرەولیژیو گروگیڤەکانی رەفسەنجانیش هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ. کەوایە ئەو بۆچوونانەی لیرەو لەوێ سەبارەت بە رووخانی ریژیم دەبیسترین، دوور لە راستی نین. لەو هەلومەرجەدا ئەرکی سەرشانی روناکبیرانی شۆرشگیرو نیشتمانپەروەرەکە بۆ وشیار کردنەوەو ئاگادار کردنەوەی هەرچی زیاتری خەلك هەوڵ بدەنو ئەرکی هەموو حیزبو ریکخراویکی سیاسییشە کە بۆ خستە رووی پرۆگرامیکی دیموکراتیكو یەکخستنی ریزەکانیان لە بەرەیەکی دیموکراتیكدا خۆیان بۆ رووخانی ریژیمو جیگیرکردنی ریژیمیکی دیموکراتیك ئامادە بکەن کە لەودا ویستو داخوازەکانی گەلانی ئیران بە هەموو چینو تویژەکانییەوە بینە دی. هەر بەو هۆیەوە دەبێ کۆمەلانی خەلکی ئیران بە گشتیو خەلکی کوردستان بە تایبەتی بەوە دلخۆش بن کە کاتی وەبەر هاتنی داری ئاواتیان نیزیك بۆتەوە.

سەرچاوەکان:

١ـ سایتی "ایران امروز" ٨١/٨/١٠
٢ـ "کیهان" ـ ٨١/٨/١١
٣ـ "کیهان" ـ ٨١/٨/١٨
٤ـ "نیمروز" ـ ٨١/٨/٣
٥ـ سەرچاوەی پیشوو

رادیۆ دەنگی کوردستانی ئیران هەموو رۆژێ

بەیانیان سەعات ٦/٥ تا ٨/٥

ئیواران سەعات ٦ تا ٨

بەکاتی تاران

لەسەر شەپۆلی کورتی ٧٥ میتر (فریکانسی ٣٩٨٥ کیلۆهیرتز) بە دوو زمانی کوردیو فارسی بەرنامە بڵاو دەکاتەوە.

بەرنامەی کوردی سەعاتی ١٢/٥ی پاش نیوەرۆ بەکاتی تاران لەسەر شەپۆلی کورتی ٤١ میتر بەرامبەر بە ٧٢٥٠ کیلۆهیرتز دووپات دەبیتەوە.

ژمارە تەلەفونو فاکس بۆ پیوەندیگرتن بە رادیۆی دەنگی کوردستانی ئیران

تەلەفون: ٠٠٨٧١٧٦٢٢٨٠٧٣ فاکس: ٠٠٨٧١٧٦٢٢٨٠٧٤

لە دەرەوەی وڵات یارمەتییە مالییەکانی خۆتان بۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران بدەن بەم حیسابە بانکییە:

C.C.P PARIS 68040
M020
FRANCE

فیشە بانکییەکەشی بۆ ئەم ئادرەسە پۆست بکەن:

A.F.K.B.P.102 75623
PARIS CEDEX 13
FRANCE

بۆ هاوکاریی زیاتری هیزە دیمۆکرات و پیشکەوتووەکانی ئیران تێبکۆشین

KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 353 21 Nov 2002

بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و وەرگرتنی زانیاری لەبارەی حیزب، بڕاوننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
kurdistanmedia@yahoo.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr

کۆچی دوایی سەفەرخان ، نموونەی خۆراگری و کۆلنەدان لە میژووی ئیراندا

سەفەری قەهرەمانیان(سەفەرخان) کە ٣٢ سال لەتەمەنی خۆی لە زیندانەکانی ریژیمی شایەتیدا بردبووە سەر، رۆژی یەکشەمە ١٩ی خەزەلوەر، لە یەکیك لە نەخۆشخانەکانی تاران بە یەکجاری چاوی لەسەر یەك داناو کۆچی دوایی کرد.

سەفەرخان ئازەربایجانییەکی تیکۆشەرو بەناوبانگترینو خۆشەویستترین زیندانیی سیاسیی سەردەمی ریژیمی شایەتی بوو، کە دوای رووخانی ئەو ریژیمەش، لەنیو خەلکی وڵاتەکەی بەگشتیو تیکۆشەرانی ئازادیخوازدا بەتایبەتی، هەروا خۆشەویستو جیگەی ریز مایەوە.

سەفەرخان بەتاوانی ئەندامەتی لە حیزبی تووده‌دا گیرا. بەو هۆیەوە کە ئەشکەنجەو زیندانو رەفتاری درندانەو پر لە سووکایەتیی بەکریگیراوانی ریژیمی پەهلەوی، نەیانتوانی بەچۆکیدا بینو پشتی پی لەئامانجە پیرۆزەکانی، کە ئازادیو بەختیاریی خەلکی وڵاتەکەی بوو، بکەن، وەك قارەمانی نیو زیندانەکان ناوی دەرکرد. کەم زیندانی ئیران هەبوون، سەفەرخانیان تیدا بەند نەکرا بیو کەم بەندیی سیاسیی سەردەمی ریژیمی شایەتی هەبوون کە لەکاتی خۆیدا حەماسەی خۆراگریو لەشکان نەهاتوویی سەفەرخانیان نەدیبیو نەبیستبیو ئیلهامیان لی وەرنەگرتبی.

سەفەرخان، هەروەك ئەو رۆژەی لەبەربەری تیکەوەپیچرانی تۆماری ریژیمی پاشایەتیدا لە زیندان هاتەدەر، گەرمترین پیشوازیی لەلایەن رۆلە وشیارو خەباتگیرەکانی ئیرانەوە لی کرا، لە سەفەر بەرەو ئارامگەی ئەبەدییشدا وەك کەسایەتییەکی گەورەو وەك قارەمانیکی میللی، بەری کرا. هەموو ئیرانییەکی شەریفو ئازادیخواز، هەر لەوانەوە کە لە زیندان لەمەکتەبی ئەودا فیری خۆراگریو کۆلنەدان لەبەرامبەر زۆرداریدا ببوون، تا لاوانو خویندکارانی خرۆشاوی ئەمرۆی ئیران، بۆ مەرگی سەفەرخان بەداخ بوونو بەریزو پیزانینەوە یادی بەناوبانگترین زیندانیی سیاسی میژووی هاوچەرخی وڵاتەکەیان کردەوە.

"کوردستان" بەبۆنەی مەرگی سەفەرخانەوە هاوەردیی خۆی بەبنەماڵەو کەسوکاری رادەگەیەنیو لەهەموو ئەو هاونیشتمانانە کە سەفەرخان ریزیکی تایبەتیی لەلای ئەوان هەبوو، سەرەخۆشی دەکا.

فیلمی "گۆرانیەکانی نیشتمانی باب و باپیرانم" لەسینەما "سپیدە"ی تاران نیشان درا

لە خەزەلوەری ئەمساڵدا فیلمی"آوازهای سرزمین مادریام" (گۆرانیەکانی نیشتیمانی باب و باپیرانم) کە فیلمسازی کورد بەهەمەن قوبادی دروستی کردوە، لەتاران پیشان درا. هاوکات لەگەل پیشاندرانی ئەو فیلمە لە سینەما سپیدەی تاران، کانالی یەکی تەلەویزیونی ئیرانیش وتوویژیکی لەگەل بەهەمەن قوبادیو چەند رەخنەگریك و کۆمەلیك لەبینەرانی فیلمەکە پیك هینا و بلاوی کردەوە.

فیلمی "گۆرانیەکانی نیشتمانی باب و باپیرانم" بەزمانی کوردیو ژیرنووسی فارسییە .فیلمەکە چیرۆکی سێ کەس (بابیك و دووکور) دەگیر یتەوەو هەرسیکیان موسیقاژەنن و دیبەدی دەگەرین. بابەکە بەدوای ژنیك بەناوی "هەنارە"دا دەگەری. ئەوان لە دریژەی گەشتو گەرانی خۆیاندا سەر لە کوردستانی عیراق وەدەردەنین و لەنیو مالویرانیو ئاکامو شوینەوارەکانی کارەساتو رووداوە خوینناوی و مەرگهینەرەکانی ئەوبەشەی کوردستاندا، خۆیان دەبیننەوە. لەم فیلمەشدا هەروەك فیلمی" کاتیك بۆ سەرخۆشیی ئەسپەکان "بەفرو سەرما، ئاوارەییو دەربەدەری، فەقیریو کۆلکیشی وەك بەشیکی جیانەکراوە لەژیانی کوردەکان، بەدی دەکرین. بەمجۆرە قوبادی دەیەوی ببی بەدەنگی خەلکیك کە بۆخۆی لەنیو ئەواندا سەری هەڵداوە. فیلمەکانی ئەو، پیشاندەری بەدبەختییەکانی کوردستانن.

ئەو فیلمە لەسینەماکانی کوردستانی ئیرانیش، پیشان دراو پیشوازییەکی زۆری لی کرا. ئەگەرچی ژمارەی سینەماکانی کوردستان لە ژمارەی قامکەکانی هەردوو دەست کەمترن.

پیویستە بگوتری ئەم فیلمە تازەیەی بەهەمەنی قوبادی لەسیوهەشتەمین فستیڤالی نیونەتەوەیی فیلمی شیکاگۆدا لەوحی زیرینی وەرگرت. بەڵام قوبادی بەو هۆیەوە کە دەولەتی ئەمریکا ویزای سەفەر بۆ ئەو وڵاتەی پی‌نەدا، لەوەرگرتنی خەڵاتەکە خۆی بوارد.

سەرچاوە: سینا سەعدی، BBC.Persian

دوو ساڵەی مەرگی سەید خەلیل عالی نژاد

٢٧ی خەزەلوەری ٢ ساڵ لەمەوبەر، سەید خەلیل عالی نژاد تەنبوور ژەنی بە ناوبانگی کورد لە ولاتی سوئید، لەنیو بلیسەی ئاگردا سووتا.

سەید خەلیل عالی نژاد کەکاتی خۆی هەوالی سووتینرانی، لە رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو کرایەوە، هونەرمەندیکی ئەهلی هەق بوو کە چەند ساڵیك بوو پەریوەی وڵاتی سوئید ببوو. سەید خەلیل بە هاندانی دایکی فیری تەنبوور ژەنین ببوو، گرنگترین مامۆستاکانی بریتی بوون لە سەید ئەمروڵڵا شائیبراهیمیو دەرویش ئەمیر حەیاتی. ماوەیەکی زۆر ئەندامی دەستەی تەنبوور ژەنان (گروە تنبور نوازان)و ماوەیەکیش سەرپەرستی ئەو دەستەیە بوو. یەسد خەلیل ئەوەندە ئۆگری تەنبوور بوو کە تیزەکەی خۆی لەسەر تەنبوورو لە ژیر ناوی "تنبور از دیرباز تاکنون" (تەنبوور لە کۆنەوە تا ئیستا) نووسی.

لە دوو ساڵەی تیرۆری سەید خەلیلدا، بەریزەوە یادی دەکەینەوەو لەگەڵ هەزاران سلاو بۆ ئەودا، نەفرەت بۆ بکوژانی دەنیرین.

مەرواریی دەریای وشە

- **ئەوین پەیژەیەکی زیرینە کە دل پیی‌دا سەر دەکەوی بۆ ئاسمان.** (ئیمانۆئیل گابیل)
- **هەتا ئاسمان تاریکتر بێ، ئەستیرەکان پتر دەدرەوشینەوە.** (لیئوناردۆ داوینچی)
- **تەنانەت لەو بەردانەش کە سەر رییان گرتوون، دەتوانین شتی زۆر جوان دروست بکەین.** (گوتە)
- **ئەو ساتەی هیواداری بە ژیان کۆتایی دی ، مردن دەست پی دەکا.** (ناپلئۆن)

من و مەنسوورو بیرەوەریەکانمان

بەر لە ماڵاوایی

عەولا بەهرامی

کاکە گیان!

لەکویوە دەست پێبکەم. لە بیرەوەریە تاڵو شیرینەکانی رۆژانی بەیەکەوە بوون یان لە ئیمانو بروا و ئازایەتیی خالە . . . ، یا ئەو پیرە بەجەرگو ئیمانەی ئیمەیان کردە کیویك لە ورەو بروا؛ ورە بۆ دریژەدانی ریگای ئەستەمی خەباتی گەلە چەوساوەکەمانو برواش، بروای زیاترو زیاتر بە رەوایی ئامانجەکانی گەلو حیزبەکەمان. لەبیرمە زۆرجاران ئەم رستەیەت دەگوتەوە " ئیستا وام لی‌هاتوە بلیم سەریك نا هەزار سەریشم پیوەبێ، لە ریگای ئاواتەکانی گەلەکەمدا بەختی کەم". بەراستییش ئەم بەلینەت بردە سەرو سەری بەرزت کردە پردەبازی کاروانی خەباتی گەلەکەت.

با لەو منداڵە پاکو بیگەردانە بدویم کە بە بزەو قسە خۆشەکانی تۆ شاگەشکە دەبوون، وەك ئەوەی بزانن تۆ بەلینت داوە دوا رۆژیکی پر لە بەختەوەرییان بۆ بە دیاری بینی. دلنیام شوان، شۆرش، تریفەو. . . چاوەروانن بگەرییەوەو وەك پیشوو بە بێ هیچ پرسیك دەرگای دنیای منداڵانەیان بکەیەوەو دیاریی منداڵانەو سروودی ئەوین بە نیشتمانیان فیرکەی. ئەوان زۆربەیان هیشتا نەچووبوونە قوتابخانە، بەڵام رەنگە دواتر دایكو باوکەکانیان بیریان بیننەوەو پییان بلین "رۆلەگیان تۆ رەنگە بیرت نەیە، خالە مەنسوور یەکەم وانەی پێگوتی، ئەم سروودەش کە تۆ ئیستا پچرپچر دەیلییەوە، خالە مەنسوور فیری کردی. دەزانی خالە مەنسوور کێبوو . . . .؟"

هاورێ گیان!

دلنیام ئەو شەقامەی بە خوینی تۆ رەنگین بوو دەبیتە رەمزیك بۆ لاوانی شارەکەت. چونکە ئەم شوینە قوربانگەیەکی دیکەی بارەگای ئازادیی گەلەکەیانە. ئەوان تا رۆژی ئازادیی نیشتمان بەم شەقامە دەلین شەقامی شەهید مەنسوورو تابلۆیەکەی لە دلیاندا هەڵدەواسن، هەروەك ئیستاش ئەو قوتابخانەیەی کەمالی لی شەهید کرا ناوی شەهید کەمالی لەسەرە. ئەو رۆژەش کە کۆنەپەرستیی حاکمو دارودەستە خۆمالییەکانی کۆتایی بە دەسەڵاتی رەشیان هاتو هەناسەی ئازادی گەرایەوە بەر نیشتمانو شارەکەت، بۆ شاد راگرتنی رووحی بەرزی تۆو بۆ ئەوەی کە مژدەی ئەو رۆژەیان پێدابی، لە سەر تابلۆی ئەم شەقامە بە کوردی دەنووسن "شەقامی ئازادی".

کاکە گیان!

کاتیك بەتەنیا گەرامەوە یەکیك لەو ماڵە نیشتمانپەروەرانەی پیکەوە پیشتر چووبوین، وادیار بوو هەوالی شەهید بوونتیان نەدەزانی. بۆیە پرسیان کاك مەنسوور دێ بۆ ئیرە؟ منیش لە وەڵامدا وتم نا من دەچم بۆ لای ئەو. بەڵێ منیش بەو ریگایەدا دیم کە دەگاتە لای تۆ، ریگای شەهیدان. چونکە لەبیرم ناچێ زۆرجاران ئەم وتەیەی شەهیدی پایەبەرز دوکتور قاسملووت دووپات دەکردەوە "باشترین پاداش بۆ شەهیدان دریژە پیدانی ریگایانە".

هاوریم مەنسوور!

وەبیرت دێ دەتگوت "ئیستا هەرچەند لە باوەشی زیدی منداڵیم دام، بەڵام بیری هاورییانی ئەوێو کۆرو دانیشتنە دۆستانەکانی ئەوێو . . . دەکەم"، منیش دەم گوت هەرچی دەکەم لیرە تاسەم ناشکێو بەدەم هەناسەیەکەوە دەمگوت: بۆچی دەبێ لە زیدو شاری خۆماندا نەتوانین بۆ ماوەیەکی کورتیش بووە ئازادانە بگەرینو خۆمان لە خزمانو ناسیاوەکانمان نەشارینەوە؟

من بە رواڵەت بەبێ تۆ گەرامەوە، بەرواڵەتیش جیگای تۆ بە بەتالی دیار بوو، بەڵام دابی هاورییەتیی لای ئیمە ئیزنی بە من نەدەدا هەست بکەم بە تەنیامو بە تەنیا بەرەو کۆری یاران دەگەریمەوە. هەرچەند ناچار بووم هەستی دەروونم لە هەمووی ماوەی ریگای ئەوێو ئیرە بشارمەوەو خۆم خۆم نەبمو تەنانەت بەو شۆفیرانەی لەگەلیان دەهاتم بلیم کاکی شوفیر نەواری خۆش چت پێیە؟ و بە دەم گۆرانیەکانەوە لیویك بجوولینم یان وەك کاکی شۆفیر خۆراژینم بەم لاو ئەولادا. بەڵێ من بە تەنیا نەگەرامەوە، چونکە بزە شیرینەکانت، قەڵافەتی میرانەتو خونچەی زامەکانت بۆ ساتیکیش خانەکانی بیرو زەینمیان چۆڵ نەکرد. تۆش وەك من گەرایەوە ناو کۆری یارانو ئەو پیکەشەوەو دوای گەرانەوەمان هەلی دەین، پیکەوە هەلمان دا. لە پیشدا تۆ سیگاریکت پێکردو دواییش من گوتم مەنسوور دادەی ئەم پاکەتە سیگارەم دەیە. منیش سیگارەکەم پێکردوەو هەردووکمان بە دەم سیگار کیشانەوە، بیرەوەریەکانی سەفەر وەرد دەدەینەوە. کابرای . . . ، مامۆستاکە، خویندکارە رەخنەگرەکە، . . . و سەرەنجام شەهید بوونی مەنسووریکی دیکەو . . .